ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# بەراوردکاریی پەیوەندییە دەرەکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کوێبێک

| |
|---|
| پ. ی. د. بارزان جوهر صادق |
| بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی - کۆلێژی زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق |
| ئیمێل: barzan.sadq@su.edu.krd |
| هاوبیر فلاح احمد |
| قوتابیی ماستەر، بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی - کۆلێژی زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق |
| ئیمێل: hawbirfelah@gmail.com |

| | | |
|---|---|---|
| ID No. 4188 | Received: 10/05/2025 | وشە کلیلییەکان: |
| (PP 288 - 318) | Accepted: 03/07/2025 | پەیوەندیی دەرەکی، هەرێمی کوردستان، کوێبێک، پارادیپلۆماسی و سەربەخۆیی. |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.23.39.13 | Published:27/07/2025 | |

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە شیکردنەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەرێمی کوێبێک لە کەنەدا، کە وەک دوو یەکەی فیدراڵی لە دوو دەوڵەتی جیاوازدا دەتوانن پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەبێت. ئەم بەراوردکارییە ڕۆڵی سیاسەت و یەکە نێودەوڵەتییەکان لە پێکهێنانی ئەم جۆرە پەیوەندییانەدا دەخاتەڕوو. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە ڕۆڵی یەکە فیدراڵییەکان لە دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیدا، کەمتر لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکەیش تێگەیشتنە لەوەی کە هەرێمی کوردستان و کوێبێک چۆن دەتوانن لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا ڕۆڵی خۆیان بەهێزتر بکەن؟ کێشەی سەرەکی، کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات، بریتییە لە کەمیی زانیاری و شیکردنەوە لەسەر توانای یەکە فیدراڵییەکان، بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکان. ئەم بۆشاییە زانستییە بەتایبەتی لە کۆنتێکستی هەرێمی کوردستاندا بەرچاوە، کە وەک یەکەیەکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا کاردەکات. لە ڕووی میتۆدەوە، ئەم توێژینەوەیە ڕێگای بەراوردکاری و شیکردنەوەی چۆنایەتیی بەکارهێناوە. داتا و زانیارییەکان لە سەرچاوە فەرمی و ئەکادیمییەکانەوە کۆکراونەتەوە، هەروەها بەڵگەنامە فەرمییەکانیش بەکارهێنراون بۆ شیکردنەوەی قووڵتر. یەکێک لە دەرئەنجامە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان سەربارى سنووردارێی یاسایی و سیاسی، توانیویەتی پەیوەندییەکی سەرکەوتوو دامەزرێنێت، وێڕای ئەوەی کە کوێبێک لەو ڕووەوە، دەرفەتی گونجاوتری هەیە. ئەم پەیوەندییە بنەمای خۆی لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەش و هاوکاری لە بوارەکانی ئابووری، فەرهەنگی و ئەکادیمیدا داناوە.

## ١- پێشەکی و ناساندنی توێژینەوە

### ١-١- پێشەکی

لە جیهانی ئەمڕۆدا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تەنیا لە ئاستی حکوومەتە ناوەندییەکاندا سنووردار نابن، بەڵکوو یەکە فیدراڵی و هەرێمییەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاوتر لە دیپلۆماسی و پەیوەندییە دەرەکییەکاندا دەبینن. ئەم گۆڕانکارییە لە سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، دەرفەتی نوێی بۆ یەکە فیدراڵییەکان دروستکردووە، تا بتوانن لە چوارچێوەی دیاریکراودا، پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتان و هەرێمەکانی دیکە دامەزرێنن. هەرێمی کوردستان وەک یەکەیەکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا، سەرباری ئاڵۆزییە سیاسی و یاساییەکان، هەوڵی داوە پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ وڵاتان و هەرێمەکانی دیکە دامەزرێنێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا، پەیوەندیی دەرەکیی هەرێمی کوێبێک لە کەنەدا نموونەیەکی بەرچاوە، کە دەتوانێت وەک پێشبینییەک بۆ چۆنێتیی دامەزراندنی پەیوەندییە هاوتا فیدراڵییەکان بەکاربێت. هەردوو هەرێم هاوبەشی کەلتووری، سیاسی و ئابوورییان هەیە کە بنەمای گونجاو، بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکی دوولایەنە دابین دەکات. ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە کە بە بەراوردکردنی ئەزموون و ستراتیژییەکانی هەردوو هەرێم، تێگەیشتنێکی قووڵتر لە توانا و دەرفەتەکانی هەرێمی کوردستان و کوێبێک بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکان بەدەست بهێنێت. هەروەها ئاڕاستەکردنی ڕێگاچارەی پراکتیکی بۆ بەهێزکردنی ئەم جۆرە پەیوەندییانە لە داهاتوودا بخاتەڕوو.

### ١-٢- گرنگیی توێژینەوە و هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە

ئەم توێژینەوەیە گرنگیی بەرچاوی هەیە، چونکە پێشکەوتنێکی نوێ لە ئەدەبیاتی پارادیپلۆماسیدا دابین دەکات، ئەوەیش بە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی، کە پێشتر لەسەر ئەم دوو قەوارەیە ئەنجام نەدراوە. هەروەها چوارچێوەی تیۆریی بابەتەکە گەشە پێدەدات، بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی سیستەمە فیدراڵییەکان لەسەر چالاکیی نێودەوڵەتیی قەوارە نادەوڵەتییەکان. دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گرنگن بۆ دامەزراوە حکوومییەکان لە هەردوو هەرێمدا، لە بەرەوپێشبردنی سیاسەت و ستراتیژەکانیان لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا. هەروەها لە ڕووی ئەکادیمییشەوە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە پرسێکی نوێی بوارەکە دەخاتە بەر باس و ڕوونی دەکاتەوە.

### ١-٣- ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی بەراوردکاریی چوارچێوەی یاسایی و کرداریی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان و کوێبێکە، بۆ تێگەیشتن لە داینامیکی پارادیپلۆماسی لە سیستەمە فیدراڵییەکاندا. توێژینەوەکە چەند ئامانجێکی تایبەتیش لەخۆ دەگرێت:

١- دۆزینەوەی چۆنێتیی کاریگەریی فاکتەری سیاسی، ئابووری، کولتووری و جیۆپۆلەتیکی لەسەر توانای هەرێمەکان بۆ بەشداریکردن لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا.

٢- بەرجەستەکردنی ئەو ستراتیژ و میکانیزمە جیاوازانەی کە هەردوو هەرێم بەکاریان دەهێنن، بۆ پەرەپێدانی ئامادەبوونی نێودەوڵەتییان، لەڕووی دیپلۆماسییەتی ئابووری، کولتووری و سیاسییەوە.

٣- دەستنیشانکردنی ئەو وانانەی دەتوانرێت لە ئەزموونی کوێبێکەوە وەربگیرێن، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ژینگەی سیاسی و جیۆپۆلەتیکیی هەردوو هەرێم.

٤- پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی کردەیی، بۆ چۆنێتیی بەهێزکردنی چوارچێوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیی عێراقدا.

٥- پێشخستنی تێگەیشتنی تیۆری و کرداری، بۆ ڕۆڵی یەکە نادەوڵەتییەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و چۆنێتیی کاریگەرییان لەسەر داینامیکی گۆڕەپانی جیهانی، بەتایبەت لە سەردەمی جیهانگیریدا.

**١-٤- پرسیارەکانی توێژنەوە**

**١-٤-١- پرسیاری سەرەکیی توێژینەوە**

چۆن پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان و کوێبێک لەڕووی بنەمای یاسایی، ئامانجە سیاسییەکان و کاریگەریی نێودەوڵەتییەوە، بەراورد دەکرێن؟

**١-٤-٢- پرسیارە لاوەکییەکان**

١- ئەو بنەمایانە چین کە چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان و کوێبێک بەڕێوە دەبەن؟

٢- چۆن فاکتەرە مێژوویی، کولتووری و سیاسییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕێبازی پارادیپلۆماسیی هەریەکەیان هەیە؟

**١-٥- کێشەی توێژینەوە**

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە سەرەڕای گرنگیی پارادیپلۆماسی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی یەکە نادەوڵەتییەکان، تێگەیشتنێکی سنووردار هەیە لە چۆنێتیی کارکردنی ئەم پەیوەندییانە لە سیستەمە فیدراڵییە جیاوازەکاندا و کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی. هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگی یاسایی، سیاسی و جیۆپۆلەتیکی بووەتەوە لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی بەراوردکاری هەیە لەگەڵ ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمە هاوشێوەکان، وەک کوێبێک، بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو.

**١-٦- چوارچێوەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە پەیوەندییە دەرەکییەکانی دوو هەرێمی فیدراڵی، کە هەرێمی کوردستان و کوێبێکن، دەخاتەڕوو، ئەوەیش بە جەختکردنەوە لەسەر چوارچێوەی یاسایی و دەستووری و پراکتیزەکردنی کرداریی پەیوەندییە دەرەکییەکان لە هەردوو سیستەمی فیدراڵیدا. توێژینەوەکە ماوەی زەمەنی لە ساڵی ٢٠٠٥ (ڕێکەوتی پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق) تا ئێستە بۆ هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و پەرەسەندنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی کوێبێک، لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە، دەخاتەڕوو بە جەختکردنەوە لەسەر پراکتیزەکردنی ئێستە. توێژینەوەکە خوێندنەوەی چوارچێوە یاسایی و دامەزراوەییەکان، ستراتیژە دیپلۆماسییەکان، پەیوەندییە ئابووری، کولتووری و سیاسییەکان و ئاستەنگە جیۆپۆلەتیکییەکان، کە ڕووبەڕووی هەردوو هەرێم دەبنەوە لە پراکتیزەکردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانیان لە چوارچێوەی فیدراڵیدا، لەخۆ دەگرێت.

**١-٧- میتۆدی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە ڕێبازەکانی بەراوردکاریی چۆنایەتی، مێژوویی و ڕەخنەیی بەکار دەهێنێت، پشت بە بەڵگەنامە یاساییە سەرەکییەکان[*] و شیکارییە ئەکادیمییەکان دەبەستێت. بە سوود وەرگرتن لە میتۆدی لێکۆڵینەوەی کەیس، پێکهاتە دامەزراوەییەکان، ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە و ڕێوشوێنە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان و کوێبێک تاووتوێ دەکات.

[*] "١- دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥). ٢- دەستووری کەنەدا (1867 و 1982). ٣- یاسای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کوێبێک. ٤- 1965 (Gérin-Lajoie Doctrine).".

**١-٨- پێداچوونەوە بە سەرچاوەکانی پێشوو**

**بە سەرنجدان لە بەشێک لە توێژینەوەکانی پێشووتری ئەم بوارە، دەردەکەوێت کە کۆمەڵێک کار ئەنجامدراون، بەڵام هەریەکەیان لە دیدگەی جیاوازەوە لە بابەتەکەیان ڕوانیوە و بەو شێوە بەرفراوان و گشتگیرەی ئەم توێژینەوەیە، کاریان لەسەر بابەتەکە نەکردووە، بۆ نموونە:**

**یەکەم: کتێبی "الدبلوماسية الموازية بين النظرية والتطبيق (دراسة حالة إقليم كوردستان)" کە لە ساڵی ٢٠٢٢ـدا و لەلایەن (د. یاسین محمود چۆمانی)ـیەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە بەسەر پێنج بەشدا دابەشکراوە و لە توێژینەوەکەدا باسی چییەتی پارادیپلۆماسی لە هەرێمەکان و پەرەسەندنی مێژوویی و هەروەها هەندێک نموونەی هەرێمە فیدراڵییەکان کراون. سەرباری باسکردنی پارادیپلۆماسیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دوای ڕووخانی سیستەمی سیاسی لە عێراق (٢٠٠٣). لێرەوە ئەم توێژینەوەیە بەوە جیا دەکرێتەوە، کە زیاتر لەسەر توێژینەوەی پارادیپلۆماسیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چڕبووەتەوە. بەڵام ئەم توێژینەوە نوێیەی ئێمە لەوەدا جیاوازە کە بەراوردی نێوان هەرێمی کوردستان و کوێبێک دەکات، هەروەها چوارچێوەیەکی تیۆریی فراوانتر بەکار دەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی سیستەمە فیدراڵییە جیاوازەکان لەسەر چالاکیی نێودەوڵەتیی قەوارە نادەوڵەتییەکان.**

**دووەم: توێژینەوەی "کێشە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا" کە (سۆران حسێن قادر) لە ساڵی ٢٠٠٨ـدا، وەک ماستەرنامەیەک لە زانکۆی سەڵاحەدین ئەمجامی داوە. لەم ماستەرنامەیەدا، توێژەر لە میانەی سێ بەشدا، تیشکی خستووەتە سەر بیرۆکە و بابەتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی، بە جۆرێک لە بەشی یەکەمدا، باس لە ناساندنی چەمکی فیدراڵی و پرەنسیپە گشتییەکانی دەکات. لە بەشی دووەمیشدا، تاووتوێی هۆکاری سەرهەڵدان و سروشتی کێشە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمە فیدراڵییەکان دەکات. لە نموونەی کێشەکانی پەیوەست بە کەسایەتیی یاسایی نێودەوڵەتیی هەرێمەکان و کێشەکانی پەیوەست بە دەسەڵات و توانای هەرێمە فیدراڵییەکان، لە بەستن و مۆرکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان. لە بەشی سێیەمیشدا، توێژەر باس لە کێشەی پەیوەست بە ئەنجامدانی کار و چالاکیی دیپلۆماسیی هەرێمەکان دەکات، لەگەڵ تیشک خستنە سەر کێشەکانی پەیوەست بە پارێزبەندیی دیپلۆماسیی سەرۆکی هەرێمەکان و نێردە دیپلۆماسییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا. دەرئەنجامی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیش، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە کەسایەتیی یاسایی نێودەوڵەتی، یەکێکە لە کێشە سەرەکییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمە فیدراڵییەکان. بەگشتی دەکرێت بڵێین، ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای ئەوەی کارێکی زانستیی گرنگە لە بواری هەرێمە فیدراڵییەکاندا، بەڵام توێژەر تەنیا لە گۆشەنیگایەکی یاساییەوە، لە کێشە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە هەرێمە فیدراڵییەکانی ڕوانیوە. ئەم توێژینەوە نوێیەی ئێمە، لەوەدا جیاوازە کە لەجیاتی جەخت کردنەوە لەسەر کێشە یاساییەکان، جەخت لە بەراوردکاریی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان و کوێبێک دەکات، هەروەها بەرلەوەی تەنیا لە چوارچێوەی یاساییەوە لە پرسەکە بڕوانێت، لە چوارچێوەی سیاسی ئابوورییشەوە دەڕوانێت و زۆر بابەتی دیکەی پەیوەست بە پرسەکەیش شی دەکاتەوە.**

**سێیەم: توێژینەوەی "توزيع الاختصاصات في الدولة الفيدرالية – دراسة مقارنة" کە (عبدالمنعم أحمد أبو طبيخ) لە ساڵی ٢٠٠٩ـدا، بە سەرپەرشتیی د. مازن لیلۆ ڕازی، وەک ماستەرنامەیەک لە ئەکادیمیای عەرەبیی ئەنجامی داوە. ئەم ماستەرنامەیە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، چوارچێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ شێوازەکانی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان حکوومەتی فیدراڵی و یەکە پێکهێنەرەکانی (هەرێم / ویلایەت)ـدا دیاری دەکات. لە توێژینەوەکەدا گرنگی بە میکانیزمەکانی دابەشکردنی دەسەڵات و ئەو کێشە یاسایی و دەستوورییانەی، کە لە کاتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکاندا دێنە ئاراوە، دراوە. هەروەها توێژەر بەراوردی چەندین ئەزموونی سەرکەوتووی فیدراڵیی لە جیهاندا کردووە و سوودی لە شیکردنەوەی ئەزموونی دەوڵەتانی وەک ئەمریکا، سویسرا و کەنەدا وەرگرتووە. بەشێکی گرنگی توێژینەوەکە، بۆ ڕۆڵی دادگەی فیدراڵی، لە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی، کە لەنێوان ئاستەکانی حکوومەتدا دێنە ئاراوە، تەرخان کراوە. بەگشتی ئەم توێژینەوەیە، کارێکی زانستیی گرنگە لە بواری لێکۆڵینەوە لە سیستەمی فیدراڵیدا، بەڵام تەنیا لە ڕوانگەی یاسایی و دەستورییەوە، لە میکانیزمەکانی**

دابەشکردنی دەسەڵات دواوە. بەڵام توێژینەوە نوێیەی ئێمە، لەوەدا جیاوازە کە لەجیاتی جەخت کردن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی ناوخۆیی، لەسەر کاربەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە لە چالاکیی نێودەوڵەتیدا دەوەستێت، هەروەها تەنیا لەسەر ڕوانینی یاسایی نەوەستاوە، بەڵکوو چوارچێوەیەکی فراوانتر بەکار دەهێنێت کە دیپلۆماسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت.

چوارەم: توێژینەوەی "النظام السياسي الكندي دراسة تحليلية" کە (هشام عزالدين مجيد) لە ساڵی ٢٠٠٨ـدا، وەک ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە، لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی بەغدا ئەنجامی داوە. ئەم ماستەرنامەیە لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە، لەبارەی سیستەمی سیاسیی کەنەداوە. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخاتە سەر پێکهاتە و میکانیزمەکانی سیستەمی سیاسیی کەنەدا و چۆنێتیی کارکردنی. بە شێوەیەکی ورد، لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی فیدراڵیی کەنەدا دەکات و پەیوەندیی نێوان حکوومەتی فیدراڵی و پارێزگەکان شی دەکاتەوە. هەروەها باس لە ئەزموونی کەنەدا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان دەکات، بەتایبەتی لەنێوان دانیشتوانی ئینگلیزی و فەڕەنسیی زمان. توێژەر هەوڵی ئەوەی داوە کە لە ڕێگای شیکردنەوەی ئەم ئەزموونەوە، ڕێگاچارە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هاوشێوەکان، لە دەوڵەتانی فرەنەتەوەدا پێشکەش بکات. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم توێژینەوەیە کارێکی زانستیی گرنگە لە بواری سیستەمە سیاسییەکان و بەتایبەتی لە بواری فیدراڵیدا، بەڵام تەنیا لە گۆشەنیگای ئەزموونی کەنەدیی و تایبەتمەندییەکانی ئەو سیستەمەوە، لێکۆڵینەوەی کردووە. بەڵام ئەم توێژینەوە نوێیەی ئێمە، لەوەدا جیاوازە کە لەجیاتی جەخت کردن لەسەر سیستەمی سیاسی بە تەنیا، جەختی کردووەتە سەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی کوێبێک، وەک قەوارەیەکی تایبەت، هەروەها لەبری شیکردنەوەی ئەزموونی کەنەدیی بە تەنیا، باسی سیستەمی سیاسیی عێراقیش دەکات و ئەزموونی کوێبێکیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەراورد دەکات، بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوانیان.

**١-٩- دیزاینی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بە پێشەکی و ناساندن دەست پێ دەکات، کە پێشەکی، گرنگیی توێژینەوە و هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە، ئامانجی توێژینەوە، کێشەی توێژینەوە، چوارچێوەی توێژینەوە و میتۆدی توێژینەوە، دەخاتەڕوو. دواتر چوارچێوە یاسایی و کردارییەکان شرۆڤە دەکات، کە تیایدا چوارچێوەی دەستووری و یاسایی کەنەدا و عێراق بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمەکان بەراورد دەکات، جیاوازی و لێکچوونەکان لە بواری گرێبەستەکان، هێزی سەربازی و سەرچاوە سروشتییەکان دەخاتەڕوو. ئینجا بەراوردکارییەکی قووڵ لە هەوڵەکانی سەربەخۆیی هەردوو هەرێم، کە پێشینەی مێژوویی بزووتنەوەکان، ڕاپرسییەکان و کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان تاووتوێ دەکات. لەبەشێکی تردا، دەرفەت و ئاستەنگەکان بەوردی شی دەکاتەوە لە بوارەکانی یاسایی، سەربازی، ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و سەرچاوە سروشتییەکان. بەشی کۆتاییش، بەرئەنجام و دە خاڵی گرنگ وەک ڕاسپاردە، پێشکەش دەکات.

## ٢- چوارچێوەی دەستووری و یاسایی کەنەدا و عێراق بۆ پەیوەندیی دەرەکیی هەرێمەکان

ئەم باسە تایبەتە بە شیکردنەوەی چوارچێوە دەستووری و یاساییەکانی کەنەدا و عێراق، لەپێناو تێگەیشتن لە مەودا و سنوورەکانی تایبەتمەندیی هەرێمەکان لە بواری پەیوەندییە دەرەکییەکاندا. لێرەدا بەراوردکارییەک لەنێوان دابەشکردنی دەسەڵاتی دیپلۆماسی لە هەردوو سیستەمە فیدراڵییەکەدا دەکەین، هەروەها دەقە دەستووری و یاساییەکان دەخەینەڕوو کە ڕێگا بە یەکە فیدراڵییەکان دەدەن یان لێیان دەگرن لە دامەزراندنی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەرەوە. ئامانج لەمە تێگەیشتنە لەو بنەما یاساییانەی کە کاریگەرییان لەسەر توانا پراکتیکییەکانی هەرێمی کوردستان و کوێبێک هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەکییاندا.

**٢-١- چوارچێوەی دەستووری و یاسایی عێراق بۆ پەیوەندیی دەرەکیی هەرێمەکان**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

لەگەڵ پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ـدا، هەرێمی کوردستان بۆ یەکەم جار ڕەوایەتیی یاسایی تەواوی بەدەستهێنا و لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە بوو بە یەکەیەکی خاوەنسەروەریی نیشتیمانیی عێراق. بەپێی ماددەکانی (١١٧، ١٢١ و ١٤١)، حکوومەتی هەرێم دەتوانێت نووسینگەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەبێت و نووسینگەی تر لە باڵیۆزخانەکانی عێراقدا بکاتەوە بۆ کاروباری کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی. بەڵام بڕگەی یەکەمی ماددەی ١١٠ دەسەڵاتی تەواوی داوە بە حکوومەتی ناوەند، بۆ فۆرمیولەکردنی ڕێسای دەرەکی، نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی و واژۆکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.[1] بەپێی ماددەی (١٢١) بڕگەی (چوارەم)، هەرێم دەتوانێت نووسینگە لەناو باڵیۆزخانەکانی عێراقدا بکاتەوە. کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێم فەرمانگەیەکی تایبەت بە پەیوەندییەکانی دەرەوەی پێکهێنا بەپێی ماددەی ٢٢ـی پێڕەوی ئەنجوومەنی وەزیران، ژمارە ١ـی ساڵی ٢٠٠٦، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەڕێوەدەچێت. لە ٢٤ـی مانگی ١٢ـی ٢٠٠٨، بەپێی فەرمانێک کە پشتی بە بڕگەی ٤ـی ماددەی ١٢١ دەبەست، کاروباری ئەم فەرمانگەیە ڕێکخرا.[2] سەربارى ئەوەی کە حکوومەتی فیدراڵ بەشی زۆری دەسەڵاتی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لەدەستدایە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان مافی هەیە پەیوەندیی دەرەکی لەگەڵ وڵاتان و ڕێکخراوە جیهانییەکاندا ببەستێت، بەڵام بە ڕێژەیەکی دیاریکراو. ئەم مافە تەنیا لە چوارچێوەی پارادیپلۆماسیدایە کە پرەنسیپەکەی بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوەیە.[3]

**٢-٢- چوارچێوەی دەستووری و یاسایی کەنەدا بۆ پەیوەندیی دەرەکیی هەرێمەکان**

دەستووری کەنەدا بە شێوەیەکی ڕوون، کاروباری دەرەکی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەک دەسەڵاتێکی تایبەتی حکوومەتی فیدراڵی دیاری دەکات. بەپێی ماددەی ٩١ـی دەستووری کەنەدا (١٨٦٧)، کە هێشتا بەشێکی سەرەکیی چوارچێوەی دەستووریی کەنەدایە، کاروباری دەرەکی بە دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵی دادەنرێت.[4] بەڵام کوێبێک سەربەخۆییەکی زۆری لەبارەی واژۆکردنی ڕێککەوتننامە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکان لەگەڵ لایەنە بیانییەکاندا هەیە، ئەوەیش بەهۆی ئەو بیرۆکەیەی کە دەسەڵاتە ناوخۆییەکان دەبێت درێژ بینەوە بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی.[5] دۆکترینی گرین لاجوا بووە بنەمای داواکاری بۆ ڕۆڵێکی نێودەوڵەتیی زیاتری کوێبێک، کە جەخت لەسەر مافی نوێنەرایەتیکردنی خۆی دەکاتەوە. حکوومەتی فیدراڵی ناچارە ڕاوێژ بە هەرێمەکان بکات، کاتێک پەیماننامەکان کاریگەرییان لەسەر دەسەڵاتەکانی خۆیان هەیە.[6] دیپلۆماسییەتی تەریبی کوێبێک لە نەتوانینی حکوومەتی کەنەداوە بۆ گوزارشتکردن لە ناسنامەی کوێبێک،

---

[1] سەعید کاکەیی، بارگەی دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات، (سایتی ڕۆشنگەریی)، ڕێکەوتی سەردان: (٢٠٢٤/١١/١٣)، 272http://www.roshngari.com/Ssaraki.php?recordID=

[2] ئاریان تاوگۆزی، پارا و پرۆتۆ، کامیان؟ بۆ دیپلۆماسییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، (سایتی خەندان)، ڕێکەوتی سەردان: (٢٠٢٤/١١/١٣)، 3166&Jmara=1497http://xendan.org/drejaWtar.aspx?NusarID=

[3] د. شێرزاد نەجار، کۆتایی سایکس بیکۆ (پێگەی هەرێمی کوردستان - عێراق لە سیاسەتی جیهانیدا)، (لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان، کتێبی ژمارە (2))، لا ٧٨.

[4] ماددەی ٩١ـی دەستووری کەنەدا (١٨٦٧).

[5] André Lecours, "Canadian Federalism and Foreign Relations: Quebec and Alberta." In Foreign Policy of Constituent's Units at the Beginning of 21st Century, edited by Ferran Requejo, David Crickemans et al., p 34-47. Barcelona: Generalitat de Catalunya, Institut d'Estudis Autonòmics IEA, 2010.

[6] Stéphane Paquin. "Federalism and Multi-Level Governance in Foreign Affairs: A Comparison of Canada and Belgium." In Foreign Policy of Constituent's Units at the Beginning of 21st Century, edited by Ferran Requejo, David Crickemans ... [et al.], (Barcelona: Generalitat de Catalunya, Institut d'Estudis Autonòmics IEA, 2010), P. 172.

سەرچاوە دەگرێت. ئەم دیپلۆماسییەتە ئیرادەی گەلی کوێبێک بەرجەستە دەکات.[7] ئەم دیپلۆماسییەتە ڕەهەندی سیاسی لەخۆ دەگرێت، کە دەیەوێت ناسنامەیەکی جیاواز لەوەی حکوومەتی فیدراڵی دەیخاتەڕوو، پیشان بدات. حکوومەتی کوێبێک هاوبەشیی هەیە لەگەڵ وڵاتانی وەک ڕواندا، تۆگۆ، سێنیگال و چەندین وڵاتی تر کە "هاوکاریی ناناوەندی" لە شێوەی گەشەپێدان، ئاڵوگۆڕی کولتووری، پەروەردەیی و هاوکاریی زانستی پێشکێش دەکەن.[8] کەنەدا چالاکییەکانی دیپلۆماسییەتی تەریبی کوێبێکی قبووڵ کردووە تا ئەو ڕادەیەی کە دژایەتی هەوڵە نێودەوڵەتییەکانی نەکات. کوێبێک لە ١٩٦٤ـەوە چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی واژۆ کردووە کە بوارەکانی کشتوکاڵ، گەشەپێدانی ئابووری، کولتوور و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە. هەرێمەکە نوێنەرایەتی نێودەوڵەتی هەیە لە زیاتر لە ٢٥ وڵات، حەوت شاندی گشتی، چوار شاند و دە یەکەی بچووکتر. لە ٢٠٠٦ـدا، ڕایگەیاند نووسینگە لە هیندستان و بەرازیل دەکاتەوە.[9]

### ٢-٣- بەراوردی چوارچێوەی دەستووریی و یاسایی هەردوو وڵات بۆ پەیوەندییەکانی دەرەکی

لە بەراوردکردنی چوارچێوەی دەستووری و یاسایی عێراق و کەنەدا، بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمەکان، چەندین خاڵی جیاواز و لێکچوو دەردەکەون. هەردوو دەستوور پەیوەندییە دەرەکییەکان و سیاسەتی دەرەوە بە شێوەیەکی سەرەکی دەخەنە دەستی حکوومەتی فیدراڵی، هەروەها هەردوو هەرێمی کوردستان و کوێبێک، دەرفەتی کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتییان هەیە و مافی هەندێک جۆری پەیوەندیی دەرەکی بەتایبەت لە بوارە کولتووری و ئابوورییەکاندا هەیە.

دەستووری کەنەدا بۆ ١٨٦٧ دەگەڕێتەوە و ڕەگی قووڵی هەیە، لە کاتێکدا دەستووری عێراق لە ٢٠٠٥ پەسەند کراوە و نوێترە. چوارچێوەی کەنەدا زیاتر جێگیرە و بەهۆی پێشینەی دادوەری و دانپێدانانی نارەسمی، کوێبێک دەسەڵاتی زیاتری پێدراوە،[10] بەڵام لە عێراقدا، ناکۆکی لەنێوان ماددەکاندا هەیە کە بووەتە هۆی لێکدانەوەی جیاواز. ماددەی ١١٠ـی دەستووری عێراق دەسەڵاتی تەواو دەداتە حکوومەتی فیدراڵی بۆ فۆرمیولەکردنی ڕێسای دەرەکی، نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی و واژۆکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان،[11] بەڵام ماددەی ١٢١ بڕگەی چوارەم، هەندێک مافی دیاریکراو بۆ هەرێمەکان دەستەبەر دەکات کە ئەمەیش بووەتە سەرچاوەی لێکدانەوەی ناکۆک.[12]

کوێبێک سەربەخۆییەکی فراوانتری هەیە لە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکاندا، لەسەر بنەمای "دۆکترینی گرین لاجوا" و چەمکی "دیپلۆماسییەتی تەریب" کە پێی وایە دەسەڵاتە ناوخۆییەکان دەبێت درێژ ببنەوە بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی.[13] لە بەرانبەردا، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان زیاتر سنووردارە و تەنیا لە چوارچێوەی پارادیپلۆماسیدایە، هەرچەندە لە دوای ٢٠٠٨ فەرمانگەیەکی تایبەت بە پەیوەندییەکانی دەرەوەی پێکهێناوە، ئەوەیش بەپێی فەرمانێک کە پشتی بە بڕگەی ٤ـی ماددەی ١٢١ـی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەبەست.

---

[7] أندريه لوكور، "المناحي السياسية للدبلوماسية الموازية: دروس من العالم المتقدم." ترجمة: محمد كاظم الصالحي، إيناس عبد السادة علي، مجلة سياسات عربية، المجلد ٢٠٢٠، العدد 43، (قطر: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، ٣١ مارس ٢٠٢٠)، ص ١٠٧.

[8] Gendron, R. S. "Education and the Origins of Quebec's International Engagement." American Review of Canadian Studies, Vol. 46, No. 2, (2016), P. 217.

[9] Cornut, J. "The Special Relationship Transformed. The Canada-Quebec-France Triangle after de Gaulle." American Review of Canadian Studies, Vol. 46, No. 2, (2016), P. 162.

[10] Gendron, R. S. "Education and the Origins of Quebec's International Engagement", Op.cit, p 212.

[11] ماددەی (١١٠)ـی دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[12] ماددەی (١٢١)ـی هەمان دەستوور.

[13] Gendron, R. S. "Education and the Origins of Quebec's International Engagement", Op.cit, p ٢١٩.

لە ڕووی نوێنەرایەتیی نێودەوڵەتییەوە، کوێبێک پێشکەوتنی بەرچاوی هەبووە و نوێنەرایەتی لە زیاتر لە ٢٥ وڵات هەیە، لەگەڵ چەندین شاندی گشتی و نووسینگەی نوێنەرایەتی،[14] لە کاتێکدا نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان کەمترن و زیاتر لە ڕێگەی نووسینگەکانی ناو باڵیۆزخانەکانی عێراقن. کوێبێک توانیویەتی چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لە بوارەکانی کشتوکاڵ، گەشەپێدانی ئابووری، کولتوور و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان واژۆ بکات.[15]

حکوومەتی کەنەدا چالاکییەکانی دیپلۆماسییەتی کوێبێکی قبووڵ کردووە، تا ئەو ڕادەیەی کە دژایەتیی هەوڵە نێودەوڵەتییەکانی نەکات و ددانی بە مافی نوێنەرایەتیکردنی خۆی ناوە.[16] لە عێراقدا، ناکۆکییەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان زیاترن و حکوومەتی فیدراڵی زۆرجار ڕێگری لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێم دەکات،[17] هەرچەندە پێشکەوتنی کەم لە بواری ددانپێدانان بە مافی نوێنەرایەتیی ناوخۆیی هەبووە.

بە کورتی، هەرچەندە هەردوو سیستەم فیدراڵین، بەڵام چوارچێوەی یاسایی کەنەدا بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمەکان جێگیرتر، ڕوونتر و فراوانترە، کە ئەمەیش دەرفەتی زیاتری بۆ کوێبێک دروست کردووە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا. لە بەرانبەردا، چوارچێوەی یاسایی عێراق، کەمتر جێگیرە و زیاتر ملکەچی لێکدانەوەی جیاواز و ناکۆکە، کە سنووردارێتیی زیاتری بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، سەرەڕای ئەو هەوڵانەی بۆ برەودان بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دراون.

## ٣- جیاوازیی و لێکچوونەکانی نێوان کوێبێک و هەرێمی کوردستان لە پەیوەندیی دەرەکی

ئەم باسە ئاوڕ لە ڕەنگدانەوەی دوو مۆدێلی جیاوازی پەیوەندیی دەرەکیی دەداتەوە، کە هەرێمی کوردستان و کوێبێک، هەر یەکەیان پەیڕەویان کردووە. لێرەدا دەمانەوێت بزانین ئایا ئەم دوو هەرێمە بە هەمان شێوە، ڕووبەڕووی کێشە و دەرفەتەکانی پەیوەندیی دەرەکی بوونەتەوە، یان ئەوەی ئاستی مۆدێلی جیاوازیان پەیڕەو کردووە؟ ئەم پرسیارە دەمانباتە ناو شیکردنەوەیەکی قووڵ لە ڕەهەندەکانی هاوبەشی و بەرنامەی جیاوازی ستراتیژیی هەردوو لا.

### ٣-١- جیاوازیی و لێکچوون لە بواری گرێبەست و ڕێککەوتننامە نیودەوڵەتییەکان

سەبارەت بە گرێبەست و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، هەردوو هەرێم لە دیپلۆماسیدا بەشدارن، بەڵام تواناکانیان جیاوازە. کاتێکدا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە بەهۆی دەستووری عێراق،[18] بەڵام هێشتا هەوڵی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی داوە، بەتایبەتی لە کەرتی نەوتدا.[19] کوێبێک نەرمونیانیی زیاتری هەیە لە واژۆکردنی ڕێککەوتنەکاندا، بەتایبەتی لە بوارەکانی بازرگانی و کولتووری، بەڵام هێشتا پابەندە بە سیاسەتی دەرەوەی کەنەدا.[20]

---

[14] Skogstad, Grace, Op.cit, p 21٨.

[15] Ibid, p 2٢3.

[16] Gendron, R. S. "Education and the Origins of Quebec's International Engagement", Op.cit, p ٢٢٦.

[17] کردستان - استقلال في الوقت الحالي يعني الانهيار الاقتصادي، مصدر سابق.

[18] سەعید کاکەیی، بارگەی دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات؟، سەرچاوەی پێشوو.

[19] د. ياسين محمود جوماني، "الدبلوماسية الموازية بين النظرية والتطبيق دراسة حالة إقليم كوردستان." (اربيل: مكتب التفسير للطبع والنشر، ٢٠٢٢)، ص ١٦٦.

[20] Skogstad, Grace. "International Trade Policy and the Evolution of Canadian Federalism." In Canadian Federalism, 3rd ed., edited by H. Bakvis and G. Skogstad, (Don Mills: Oxford University Press, 2012), P. 211.

هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەیەکی دەستووریی تایبەتدا کار دەکات،[21] کە خۆبەڕێوەبەری پێدەبەخشێت لە چەندین بابەتدا، لە کاتێکدا کۆنترۆڵی پەیوەندییە دەرەکییەکان بۆ حکوومەتی فیدراڵی تەرخان دەکات.[22] مادده دەستوورییە سەرەکییەکان بریتین لە:

١- ماددەی ١١٠: دەسەڵاتی تایبەت بە حکوومەتی فیدراڵی دەبەخشێت بەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکان،[23] ئەمەیش بووەتە هۆی گرژی بەتایبەتی سەبارەت بە گرێبەستەکانی نەوت.[24]

٢- ماددەی ١٢١: ڕێگا بە هەرێم دەدات بەشداری لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی ئاڵوگۆڕی ئابووری و کولتووریدا بکات،[25] کە ڕێگای پێداوە دەستپێشخەری دیپلۆماسیی ئابووری دابمەزرێنێت.[26]

لەبەرامبەردا، مادده سەرەکییەکانی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی کوێبێک ئەمانەن:

١- بەشی ٩١ـی یاسای دەستووری ١٨٦٧: دەسەڵاتی بڕیاردان سەبارەت بە بەرگری و کاروباری دەرەوە دەدات بە حکوومەتی فیدراڵی.[27] کوێبێک ناتوانێت دیپلۆماسیی سەروەری ئەنجام بدات، بەڵام دەتوانێت ڕێککەوتنی قەوارە نادەوڵەتییەکان، لە بوارەکانی بازرگانی، پەروەردەیی و کولتووری بکات.[28]

٢- ڕۆڵی کوێبێک لە ڕێککەوتنە فرەلایەنەکاندا: کوێبێک ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕێکخراوەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان یان فڕانکۆفۆنیدا هەیە، هەروەها ڕێککەوتنی ئابووری لەگەڵ پارێزگەکان یان هەرێمەکانی وڵاتانی تر واژۆ کردووە.[29]

٣- ڕێککەوتنە ئابووری و کولتوورییەکان: کوێبێک چەندین ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕێکخراو و حکوومەتە نێودەوڵەتییەکان واژۆ کردووە، زۆر جار لە چوارچێوەی هاوکاریی نێوان-حکوومەتیدا.[30]

سەرەڕای سنووردارێتییە دەستوورییەکان، حکوومەتی هەرێم بەدواداچوونی بۆ ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان کردووە، بەتایبەتی لە گرێبەستەکانی نەوتدا،[31] کە زۆر جار دەبێتە هۆی ناکۆکی لەگەڵ بەغدا.[32]

کوێبێک لە چوارچێوەیەکی دەستووری کار دەکات کە نەرمونیانی زیاتری هەیە لە دانوستانی گرێبەستە نێودەوڵەتییەکاندا،[33] هەرچەندە پابەندە بە دەستووری کەنەدا، بەڵام دەسەڵاتی پێدراوە بۆ ڕێککەوتنە نادەوڵەتییەکان، کە پەیوەندییان بە

---

[21] د. معروف عمر كول و د. جلال كريم رشيد الجاف، "اتفاقية التعاون بين الجمهورية الفرنسية وإقليم كردستان العراق." مجلة القانون السياسة، العدد (١٠)، (دهوك: جامعة دهوك، ٢٠١١)، ص ٩٦.

[22] كردستان - استقلال في الوقت الحالي يعني الانهيار الاقتصادي، (DW عربية، ٢٠١٧\٩\١٣)، https://www.dw.com/ar، تاريخ الزيارة ٢٠٢٤\١٢\٢٦.

[23] ماددەی (١١٠)ـی دەستووری هەمیشەییی عێراق (٢٠٠٥).

[24] "قرار المحكمة الاتحادية العليا في العراق العدد (٥٩/ اتحادية ومدمجتها ١١٠ اتحادية)." (٢٠٢٢).

[25] ماددەی (١٢١)ـی دەستووری هەمیشەییی عێراق (٢٠٠٥).

[26] كردستان - استقلال في الوقت الحالي يعني الانهيار الاقتصادي، مصدر سابق.

[27] ماددەی (٩١)ـی دەستووری کەنەدای فیدراڵ (١٨٦٧).

[28] Cameron, D. R. "Canada." In Handbook of federal countries, 2002, Ann L. Griffiths (Eds.), (Québec, QC: McGill University Press, Forum of Federations, 2002), P. 105.

[29] Cameron, D. R. "Canada." In Handbook of federal countries, Op.cit, p 106.

[30] Ibid. p 107.

[31] صلاح جبير الحصيصي، "إبرام المعاهدات الدولية في الدول الفيدرالية." مجلة القانون والسياسة، العدد الخاص، (اربيل: جامعة صلاح الدين، ٢٠١٠)، ص٢٦١.

[32] سەعید کاکەیی، بارگەی دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات؟، سەرچاوەی پێشوو.

سیاسەتی دەرەوە نییە.[34] حکوومەتی هەرێم بەدواداچوونی بۆ ڕێککەوتنەکانی وزە لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان کردووە، کە زۆر جار دەسەڵاتی بەغدای تێپەڕاندووە.[35] گرێبەستەکانی نەوت ناکۆکن - حکوومەتی عێراق پێداگری دەکات کە هەنارده و داهاتەکان دەبێت لەلایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە کۆنترۆڵ بکرێن. سەرەڕای ئەمە، حکوومەتی هەرێم دانوستانی سەرکەوتووی لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی نەوت کردووە.[36] دیپلۆماسیی ئابووری لێرەدا بەکارهێنانی سەرچاوەکانی نەوتە بۆ دروستکردنی هاوبەشی نێودەوڵەتی و ڕێڕەوکردن لە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. ستراتیژی پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکوومەتی هەرێم جەخت لەسەر گەشەپێدانی ئابووری دەکاتەوە، بەتایبەتی هەناردەی نەوت.[37] لە بەرانبەردا، ستراتیژی کوێبێک جەخت لەسەر دیپلۆماسیی کولتووری، ڕێککەوتنەکانی بازرگانی و هاوبەشییە نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە. دەستپێشخەرییەکانی دیپلۆماسیی ئابووری جەخت دەکەنە سەر پێشخستنی کولتوور، زمان و بەها لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، زۆرجار بە ئامانجگرتنی وڵاتە فەرەنسی-زمانەکان.[38] کوێبێک پەیوەندیی بازرگانیی بەهێزی هەیە لەگەڵ فەرەنسا و بەلجیکا، کە پەیوەندییە کولتوورییەکانی بەکاردەهێنێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی دیپلۆماسی.[39] هەروەها چالاکە لە دیپلۆماسیی ژینگەییدا.[40] ستراتیژی دیپلۆماسیی ئابووریی کوێبێک بە بەشداریکردن لە هێزی نەرم ناسراوە، کە ناسنامەی کولتووری و پەیوەندییە بازرگانییەکانی بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێودەوڵەتی.[41] هەردوو هەرێم بەدواداچوون بۆ گرێبەست و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان دەکەن، بەڵام بەشێوەی جیاواز. بەدواداچوونی هەرێمی کوردستان بەهۆی پێویستی مانەوەی ئابووری و خۆبەڕێوەبەرییە، بەتایبەتی لە کەرتی نەوتدا.[42] کوێبێک نەرمونیانیی زیاتری هەیە لەسەر ڕێککەوتنە ئابووری و کولتوورییەکان، بەڵام دەبێت لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی کەنەدادا کار بکات.[43] هەردوولا ناسنامە و سەرچاوە تایبەتەکانیان بەکاردەهێنن بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ جیهاندا. هەرێمی کوردستان و کوێبێک جیاوازیی بەرچاویان هەیە لە دەسەڵاتی یاساییدا. هەرێمی کوردستان لەلایەن دەستووری عێراقەوە سنووردار کراوە، کە پەیوەندییە دەرەکییەکان بۆ حکوومەتی فیدراڵی تەرخان دەکات. حکوومەتی هەرێم دەتوانێت هەندێک ڕێککەوتن بکات، بەڵام ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە لەلایەن بەغداوە، بەتایبەتی لە کەرتی نەوتدا. ئەم گرێبەستانە زۆر جار لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە ناکۆکییان لەسەرە.[44] کوێبێک دەسەڵاتی ڕوونتری هەیە لە بوارەکانی بازرگانی، کولتووری و پەروەردەیی، بەپێی بەشی ٩٢ـی یاسای دەستوور.[45] هەرچەندە ناتوانێت پەیماننامە سەروەرییەکان

---

[33] Skogstad, Grace, Op.cit, p 213.

[34] Ibid. p 214.

[35] بشتيوان صادق، نحو تأسيس دولة كوردستان، (أربيل: مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، ٢٠١٣)، ص ٢٢٣.

[36] كردستان - استقلال في الوقت الحالي يعني الانهيار الاقتصادي، مصدر سابق.

[37] المصدر نفسه.

[38] Barnett, Laura. "Canada's Approach to the Treaty-Making Process." Parliamentary Information and Research Service, Library of Parliament, (Ottawa: Parliament of Canada, 2008). Retrieved from http://www.parl.gc.ca/Content/LOP/ResearchPublications/prb0845

[39] Barnett, Laura. "Canada's Approach to the Treaty-Making Process.", Op.cit.

[40] Ibid.

[41] Cameron, D. R., Op.cit, p 111.

[42] كردستان - استقلال في الوقت الحالي يعني الانهيار الاقتصادي، مصدر سابق.

[43] Skogstad, Grace, Op.cit, p 214.

[44] د. معروف عمر كول و د. جلال كريم رشيد الجاف، مصدر سابق، ص ١٠٢.

[45] ماددەی (٩٢)ـی دەستووری کەنەدای فیدراڵ (١٨٦٧).

واژۆ بکات، بەڵام دەتوانێت دانوستان لەسەر ڕێککەوتنە دوولایەنەکان بکات لە بوارەکانی ژێر دەسەڵاتیدا.[46] حکوومەتی فیدراڵی بە شێوەیەکی ئاسایی دژایەتیی گرێبەستەکانی کوێبێک ناکات.

٢-٣- جیاوازی و لێکچوون لە بواری هێزی سەربازیدا

بە پێچەوانەی هەرێمی کوردستان کە خاوەنی هێزێکی سەربازیی سەربەخۆیە،[47] کوێبێک هێزی سەربازیی خۆبەڕێوەبەری نییە. هێزە چەکدارەکانی کەنەدا کە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵییە، بەتەنیا بەرپرسیارە لە بەرگریی کوێبێک.[48] کوێبێک ڕۆڵێکی گرنگ لە هێزە چەکدارەکانی کەنەدادا دەگێڕێت،[49] بەڵام هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر سیاسەتی بەرگری یاخود بڕیارە سەربازییەکاندا نییە.[50] هێزە چەکدارەکانی کەنەدا وەک سوپایەکی یەکگرتوو کار دەکات،[51] بڕیارەکان لەلایەن حکوومەتی کەنەداوە دەدرێن.[52] بە پێچەوانەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتیی پێشمەرگە دەکات. بەراوردکردنی ئەم دوو هەرێمە ئەو چوارچێوە سیاسی و دەستوورییە جیاوازانە دەردەخات کە شێوە بە تواناکانی سەربازییان دەدەن. هەرێمی کوردستان بەهرەمەندە لە خۆبەڕێوەبەریی سەربازی، لەگەڵ کۆنترۆڵی بڕیارەکانی بەرگری،[53] لە کاتێکدا بڕیارە سەربازییەکانی کوێبێک لەلایەن سیستەمی ناوەندیی کەنەداوە سنووردار کراون.[54]

٣-٣- جیاوازی و لێکچوون لە بواری سەرچاوە سروشتییەکان

سەرچاوە سروشتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێگەی هەردوو هەرێم. هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە نەوت و گاز، کە بڕبڕەی پشتی ئابوورییەکەیەتی،[55] لە کاتێکدا ئابووریی کوێبێک لەلایەن وزەی کارۆئاوی، کانزاکاری و دارستانەوە بەڕێوە دەبرێت.[56] هەرێمی کوردستان هەندێک لە گەورەترین یەدەگە بەکارنەهێنراوەکانی نەوتی عێراق لەخۆدەگرێت، بە مەزەندەی (٤٥) ملیار بەرمیل نەوتی خاو.[57] بە پێچەوانەوە، کوێبێک سەرچاوەی نەوتی نییە،[58] بەڵام سەرچاوەی زۆری وزەی

---

[46] هەمان مادده و هەمان سەرچاوە.

[47] ئومێد ڕەفیق. "هێزەکانی پێشمەرگە لە دوای شەڕی داعش." میللەت پرێس، (ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠١٧/٧/٥)، ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٥/٣/٧، لەم لینکە بەردەستە: hUnk5q3https://bit.ly/

[48] Courchene, Tom J. "NAFTA, the Information Revolution, and Canada-U.S. Relations: An Ontario Perspective." The American Review of Canadian Studies, Vol. 30, No. 2, (2000), P. 168.

[49] Courchene, Tom J., Op.cit, p 172.

[50] Ibid. p 174.

[51] Crickemans, David, Op.cit, p 58.

[52] Ibid. p 59.

[53] تفاصیل اتفاق التعاون العسكري بين واشنطن وأربيل، (العربي الجديد، ٢٠١٦\٧\١٥)، https://www.alaraby.co.uk/politics/، تاريخ الزيارة في ٢٠٢٤\١٢\٢٧.

[54] Crickemans, David. 2010, Op.cit, p 59.

[55] شاڵاو عبدالخالق محمد. "دیپلۆماسییەتی خوێنی ڕەش." لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی، (هەولێر: کتێبخانەی تەفسیر، ٢٠١٧)، لا ٢٠٦.

[56] Chaloux, Annie, and Stéphane Paquin. "Canada's multiple voices diplomacy in climate change negotiations: a focus on Québec." International Negotiation, Vol. 20, No. 2, (2015), P. 14.

[57] وحيد العام الكنانى، "جيوسياسة النفط والغاز فى اقليم كوردستان العراق والدوافع الاقليمية والدولية." مجلة العلوم الانسانية، العدد (٨٥)، (ديالى: جامعة ديالى، ٢٠٢٠)، ص ٨.

[58] Chaloux, Annie, and Stéphane Paquin, Op.cit, p ١٦.

کارۆتاوی هەیە، کە ٩٠٪ـی کارەبای خۆی لێوە بەرهەم دەهێنێت.[59] بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان لە هەردوو هەرێمەکەدا جیاوازە. کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان سەرچاوەی ناکۆکییە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی. بەپێی ماددەی ١١١ـی دەستوور، سەرچاوەکانی نەوت و گاز هی گەلی عێراقن.[60] ماددەی ١١٢ دەسەڵات بە حکوومەتی فیدراڵی دەدات بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگەکان.[61] سەرەڕای ئەمە، حکوومەتی هەرێم گرێبەستی سەربەخۆی واژۆکردووە، بە پشتبەستن بە ماددەی ١٢١،[62] کە بووەتە هۆی کێشەی یاسایی. لە بەرانبەردا، کوێبێک لەژێر چوارچێوەیەکی یاسایی ڕووندا کار دەکات، دەستووری کەنەدا خاوەندارێتیی سەرچاوەکان دەدات بە پارێزگەکان بەپێی بەشی (٩٢).[63] کوێبێک دەسەڵاتی تەواوی بەسەر سەرچاوەکانیدا هەیە و، دامەزراوەکانی وەک هایدرۆ-کوێبێک کارۆتاوی بەرهەم دەهێنن.[64] سەرچاوەکانی هەردوو هەرێم کاریگەریی ئابووریی بەرچاویان هەیە. لە هەرێمی کوردستان، کەرتی نەوت و گاز سەرچاوەی سەرەکیی داهاتە. سەرەڕای ناکۆکییەکان، حکوومەتی هەرێم نەوت هەناردە دەکات لە ڕێگای بۆریی تورکیاوە.[65] ئەم هەناردانە وەبەرهێنانی کۆمپانیا گەورەکانیان ڕاکێشاوە، بەڵام کەرتەکە هەستیارە بەرانبەر گۆڕانکارییەکانی نرخی نەوت.[66] وزەی کارۆتاویی کوێبێک ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، کە هەناردەی دەکات بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان.[67] کەرتی کانزاکاریی کوێبێکیش گرنگە لە زنجیرەی دابینکردنی جیهانیدا، بەتایبەتی بۆ کانزاکانی وەک لیسیۆم.[68] پارێزگەکە ئابوورییەکەی هەمەجۆر کردووە بە جەختکردنەوە لەسەر تەکنەلۆجیا سەوزەکان.[69] هەرێمی کوردستان زیاتر هەستیارە بەرانبەر گۆڕانکارییەکانی بازاڕ و ناکۆکییە سیاسییەکان،[70] لە کاتێکدا کوێبێک ژینگەیەکی ئابووریی بەهێزتر و هەمەجۆرتری هەیە. وزەی کارۆتاویی کوێبێک بووەتە توخمێکی سەرەکی لە بازاڕەکانی وزەی ئەمریکای باکوور، بەتایبەتی لە هەناردەی کارەبا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان. کرداره کانزاکارییەکانی، بەتایبەتی لیسیۆم و کانزا دەگمەنەکان، گرنگییان لە بازاڕە جیهانییەکاندا زیادی کردووە، بەتایبەتی بۆ ئۆتۆمبێلی کارەبایی.[71] کوێبێک دانراوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئابووریی سەوزی جیهانی.[72] سەرچاوەکانی کوێبێک بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی پارێزگەییدان، بەپێی بەشی ٩٢ـی دەستووری کەنەدا.[73] بە پێچەوانەی هەرێمی کوردستان، ڕووبەڕووی دەستتێوەردانی حکوومەتی فیدراڵی نابێتەوە، کە ڕێگای پێدەدات ستراتیژی درێژخایەن گەشە پێبدات.[74]

---

[59] Hocking, Brian. "Localizing Foreign Policy: Non-central Governments and Multilayered Diplomacy." (New York: St-Martin's Press, 1993), P. 33.

[60] ماددەی (١١١)ـی دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥).

[61] ماددەی (١١٢)ـی هەمان دەستوور.

[62] ماددەی (١٢١)ـی هەمان دەستوور.

[63] ماددەی (٩٢)ـی دەستووری کەنەدای فیدراڵ (١٩٨٢).

[64] Hocking, Brian, Op.cit, p 37.

[65] بشتیوان صادق، نحو تأسیس دولة کوردستان، مصدر سابق، ص ٢٢٤.

[66] المصدر نفسه، ص ٢٢٤.

[67] Hocking, Brian, Op.cit, p 35.

[68] Ibid, p 37.

[69] Ibid, p 38.

[70] وحید العام الکنانی، "جیوسیاسیة النفط والغاز فی اقلیم کوردستان العراق والدوافع الاقلیمیة والدولیة."، مصدر سابق، ص ١١.

[71] Chaloux, Annie, and Stéphane Paquin, Op.cit, p 18.

[72] Ibid. p 21.

[73] ماددەی (٩٢)ـی دەستووری کەنەدای فیدراڵ (١٩٨٢).

[74] هەمان ماددە و هەمان سەرچاوە.

هەردوو هەرێم لە ئابووریدا چالاکن، بەڵام پشتبەستنی هەرێمی کوردستان بە نەوت و کێشەکانی لەگەڵ بەغدا، دیمەنێکی ئاڵۆزتری دروست کردووە. کوێبێک لەسەر وزەی نوێبووەوە جەختی کردووەتەوە و ژینگە سیاسییە جێگیرەکەی، پەیوەندیی پێشبینیکراوتر و درێژخایەنتری پێدەبەخشن:

یەکەم: هەرێمی کوردستان: ئابووریی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر، پشت بە نەوت دەبەستێت، کە زیاتر لە ٩٠٪ی بوودجەکەی لە داهاتەکانی نەوتەوە سەرچاوە دەگرێت.[75] هەناردەی نەوتی هەرێمەکە گرنگە بۆ دابینکردنی مووچەی حکوومەت، پرۆژەکانی ژێرخان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کە زۆر هەستیارن بەرانبەر بە گۆڕانکارییەکانی نرخی نەوتی جیهانی.[76]

دووەم: کوێبێک: ئابووریی کوێبێک هەمەجۆرە و پشت بە تەنیا یەک سەرچاوە نابەستێت. پارێزگەکە کەرتی پیشەسازی، تەکنەلۆجیا و خزمەتگوزاریی بەهێزی هەیە. پیشەسازیی کانزاکاری بەشداری لە ئابووریی کوێبێک دەکات، کە پارێزگەکە پێشەنگە لە بەرهەمهێنانی جیهانیی لیسیۆم، ئەلەمنیۆم و زێڕدا.[77] کەرتی وزەی نوێبووەوە بنەمایەکی ئابووریی جێگیر و بەردەوام دابین دەکات.[78]

سەبارەت بە لێکچوونەکانیان:

یەکەم: گەشەی ئابووری لەسەر بنەمای سەرچاوەکان: هەردوو هەرێمەکە، سەرچاوە سروشتییەکانیان، وەک بنەمایەک بۆ گەشەپێدانی ئابووری بەکاردەهێنن. حکوومەتی هەرێم نەوت هەناردەی بازاڕە نێودەوڵەتییەکان دەکات،[79] لە کاتێکدا کوێبێک کارەبای ئاویی، بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان هەناردە دەکات.[80]

دووەم: هەوڵەکان بۆ فراوانکردنی ژێرخانی وزە: هەردوو هەرێم وەبەرهێنانیان لە پرۆژە ژێرخانیە گەورەکاندا کردووە. حکوومەتی هەرێم، بۆریی نەوتی بەرەو تورکیا دروست کردووە، کە ڕێگا بە هەناردەی سەربەخۆی نەوت دەدات.[81] کوێبێک بەنداوە کارۆئاوییە زەبەلاحەکانی دروست کردووە، بۆ دابینکردنی وزەی نوێبووەوە.[82]

سێیەم: ئاستەنگەکانی ژینگەیی: هەردوو هەرێمەکە ڕووبەڕووی نیگەرانیی ژینگەیی دەبنەوە. بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بووەتە هۆی خراپبوونی ژینگە.[83] پرۆژە کارۆئاوییەکانی کوێبێک ڕووبەڕووی ڕەخنە بوونەتەوە، لەبارەی تێکدانی ژینگە سروشتییەکانەوە.[84]

---

[75] شالاو عبدالخالق محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١١.

[76] وحيد العام الكناني، مصدر سابق، ص ١٧.

[77] Chaloux, Annie, and Stéphane Paquin, Op.cit, p 23.

[78] Ibid. p 24.

[79] بشتيوان صادق، نحو تأسيس دولة كوردستان، مصدر سابق، ص ٢٢٤.

[80] Hocking, Brian, Op.cit, p 40.

[81] بشتيوان صادق، نحو تأسيس دولة كوردستان، مصدر سابق، ص ٢٢٥.

[82] Chaloux, Annie, and Stéphane Paquin, Op.cit, p 28.

[83] ميران حسين و هەزار عثمان، "دبلوماسية إقليم كوردستان في حل المشاكل المائية مع الدول الجوار." مجلة بوليتكنيك للعلوم الإنسانية والاجتماعية، (٢٠٢١)، ص٥.

[84] Martin, Pierre. "When Nationalism Meets Continentalism: The Politics of Free Trade in Quebec." Regional and Federal Studies, Vol. 5, No. 1, (1995), P. 27.

## ٤- بەراوردکاریی هەوڵەکانی سەربەخۆیی لەلایەن هەرێمی کوردستان و کوێبێک:

هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی، پرۆسەیەکی سیاسیی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، کە لە چوارچێوەی مێژوویی، کولتووری و جیۆپۆلەتیکیدا ڕەگی داکوتاوە. هەردوو هەرێم بۆ گەیشتن بە سەروەری، هەوڵی بەرچاویان داوە و ڕاپرسیان ئەنجام داوە، بەڵام لەڕووی پێشینەی مێژوویی، چوارچێوەی دەستووری، کاردانەوەی سیاسی و نێودەوڵەتییەوە جیاوازییان هەیە.

چەمکی مافی چارەی خۆنووسین بابەتێکی جێی مشتومڕ بووە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. هەرێمی کوردستان، وەک ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەر لە عێراق، هەوڵی سەربەخۆیی داوە وەک ڕێگایەک بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و سەقامگیریی سیاسی، کە لە ڕاپرسیی سەربەخۆیی ساڵی ٢٠١٧دا گەیشتە لوتکە.[85] کوێبێک، پارێزگەیەکی سەرەکیی فەڕەنسی-زمان لە کەنەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای دیمۆکراسی و یاساییەوە، هەوڵی سەروەری داوە، کە دوو ڕاپرسی لە ساڵەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٥ ئەنجامداوە.[86]

### ٤-١- پێشینەی مێژوویی بزووتنەوەکانی سەربەخۆیی

#### ٤-١-١- هەرێمی کوردستان

خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی بە قووڵی، لە مێژووی ناوچەکەدا ڕەگی داکوتاوە. دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، خواستەکانی کورد بۆ دەوڵەتبوون بۆ ماوەیەکی کورت لە پەیماننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠ دانی پێدانرا، بەڵام ئەم خواستانە لە پەیماننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ پشتگوێ خران.[87] بە درێژاییی دەیەکان، بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراق، ڕووبەڕووی سەرکوتکردنێکی توند بوونەوە.[88] شەڕی کەنداوی ١٩٩١ و دواتر دامەزراندنی ناوچەی دژەفڕین لە باکووری عێراق، خۆبەڕێوەبەرییەکی کردارییی بە هەرێمی کوردستان بەخشی. دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بەفەرمی، ددانی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نا، بەڵام گرژییەکان لەگەڵ بەغدا بەردەوام بوون.[89] ڕاپرسیی سەربەخۆیی ساڵی ٢٠١٧، کە زۆرینەی دەنگدەران پشتگیرییان لێکرد، ڕووبەڕووی دژایەتییەکی بەهێزی حکوومەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووەوە.

#### ٤-١-٢- کوێبێک

بزووتنەوەی سەروەریی کوێبێک، لە وەڵامی ئاڵۆزییە زمانەوانی، کولتووری و ئابوورییەکان لەنێوان کوێبێکییە فەڕەنسی-زمانەکان و حکوومەتی فیدراڵیی کەنەدای زۆرینە ئینگلیزی-زمان سەریهەڵدا.[90] شۆڕشی بێدەنگی ساڵانی شەستەکان، خاڵێکی وەرچەرخان بوو، کە کوێبێک هەوڵی کۆنترۆڵێکی زیاتری کاروباری سیاسی و ئابووریی خۆی دەدا.[91] کوێبێک دوو ڕاپرسیی سەربەخۆیی ئەنجامدا، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٨٠، کە لەلایەن٦٠٪ـی دەنگدەرانەوە ڕەتکرایەوە و، دووەمیان لە ساڵی ١٩٩٥، کە بە ڕێژەیەکی کەم شکستی هێنا (٦.٥٠٪). بە پێچەوانەی هەرێمی کوردستانەوە، کوێبێک لە چوارچێوەیەکی

---

[85] "بارزاني يصف الاستفتاء بـ'الانتصار الكبير' ويدعو بغداد للحوار." متاح على موقع DW الالمانية، (تاريخ زيارة: ٢٠٢٥/٣/٢)، على الرابط الالكتروني: https://www.dw.com/ar

[86] Crickemans, David. "Regional Sub-State Diplomacy from a Comparative Perspective: Quebec, Scotland, Bavaria, Catalonia, Wallonia and Flanders." The Hague Journal of Diplomacy, Vol. 5, No. 1-2, (2010), P. 37.

[87] غانم کریم محمد، "سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکانی عێراق: تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٨ وەک نموونە." ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، (٢٠٢٠)، ل١١٤.

[88] هەمان سەرچاوە، ل ١١٦.

[89] كردستان - استقلال في الوقت الحالي يعني الانهيار الاقتصادي، مصدر سابق.

[90] Crickemans, David, Op.cit, p 41.

[91] Kukucha, C. J., op.cit, p 35.

دیمۆکراسیی جێگیردا هەوڵی سەربەخۆیی داوە، لەگەڵ بوونی میکانیزمی یاسایی کە ڕێگا بە دانوستان لەسەر جیابوونەوە دەدات.[92]

## ٤-٢- ڕاپرسییەکان و ویستی سەربەخۆیی

### ٤-٢-١- ڕاپرسیی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان (٢٠١٧)

ڕاپرسیی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان، لە ٢٥ـی ئەیلوولی ٢٠١٧ بەڕێوەچوو. ڕاپرسییەکە بە ڕێژەی٩٢٪ دەنگی لەسەر سەربەخۆیی بەدەستهێنا، بەڵام حکوومەتی ناوەندیی عێراق ڕاپرسییەکەی بە نادەستووری دانا و، ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان دژایەتییان کرد.[93] لە دوای ڕاپرسییەکە، حکوومەتی عێراق سزای ئابووریی سەپاند و کەرکووکی داگیرکردەوە و، کۆنترۆڵی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە دەست. ڕاپرسییەکە لە کۆتاییدا پێگەی سیاسی و سەقامگیریی ئابووریی حکوومەتی هەرێمی لاواز کرد.[94]

### ٤-٢-٢- ڕاپرسییەکانی کوێبێک لە (١٩٨٠ و ١٩٩٥)

ڕاپرسییەکانی کوێبێک، لە چوارچێوەی دیمۆکراسی و دەستووری کەنەدادا بەڕێوەچوون. ڕاپرسیی ١٩٨٠ هەوڵێدا دەرفەتێک بۆ دانوستان لەسەر "هاوپەیمانێتیی سەروەری" لەگەڵ کەنەدا بەدەست بهێنێت، بەڵام ڕەتکرایەوە.[95] ڕاپرسیی ١٩٩٥ کە بزووتنەوەی پشتگیریی سەربەخۆیی گوڕوتینێکی بەدەستهێنا. شکستی بەرتەسکی کەمپەینی بەڵێ بە ڕێژەی (٤.٤٩٪) دابەشبوونی قووڵی کوێبێکی دەرخست و بووە هۆی ئەوەی حکوومەتی فیدراڵی چەندین ڕێوشوێن بگرێتەبەر، لەوانە یاسای ڕوون کە سنووردارێتیی یاسایی بۆ هەوڵەکانی جیابوونەوە دیاریکرد.[96]

## ٤-٣- کاردانەوە و ددانپێدانانی نێودەوڵەتی

### ٤-٣-١- هەرێمی کوردستان

کاردانەوەی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی بەرفراوان نەرێنی بوو، کە هێزە گەورەکان ڕەتیان کردەوە ددان بە ئەنجامەکانیدا بنێن.[97] نەتەوە یەکگرتووەکان، ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەورووپا نیگەرانیی خۆیان دەربڕی، لە کاتێکدا وڵاتانی دراوسێی عێراق گوشاری ئابووری و سیاسییان خستەسەر. نەبوونی پشتیوانیی دیپلۆماسی، حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لەڕووی سیاسییەوە گۆشەگیر کرد.[98]

---

[92] Ibid. p 36.

[93] بارزاني يصف الاستفتاء بـ"الانتصار الكبير" ويدعو بغداد للحوار"، مصدر سابق.

[94] المصدر نفسه.

[95] Lequesne, Christian, and Stéphane Paquin. "Federalism, Paradiplomacy and Foreign Policy: A Case of Mutual Neglect." International Negotiation, Vol. 22, No. 2, (2017), P. 183.

[96] Ibid, p 184.

[97] كردستان - استقلال في الوقت الحالي يعني الانهيار الاقتصادي، مصدر سابق.

[98] المصدر نفسه.

**٤-٣-٢- کوێبێک**

بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوێبێک، سەرەڕای بەرهەڵستیی فیدراڵیی کەنەدا، ڕووبەڕووی دژایەتیی ڕاستەوخۆی نێودەوڵەتی نەبووەتەوە.[99] دامەزراوە دیمۆکراسییەکان و چوارچێوە یاساییەکانی کەنەدا دڵنیاییان داوە کە ئەم پرسە وەک بابەتێکی ناوخۆیی بمێنێتەوە. کوێبێک سوودی لە ژینگەیەکی جیۆپۆلەتیکی جێگیر وەرگرتووە، کە ڕێگا بە گفتوگۆی بەردەوام دەدات سەبارەت بە سەروەری.[100]

هەرێمی کوردستان و کوێبێک دوو نموونەی جیاوازی بزووتنەوەی سەربەخۆیی نیشان دەدەن. هەوڵەکانی کوردستان لەلایەن دژایەتیی جیۆپۆلەتیکی، گوشاری ئابووری و ناڕوونیی یاساییەوە ڕێگری لێکراوە، کەچی کوێبێک خواستەکانی سەربەخۆیی لە چوارچێوەیەکی دیمۆکراسیی ڕێکخراودا بەڕێوەبردووە.

## ٥- دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم پەیوەندیی دەرەکیی هەرێمی کوردستان و کوێبێک

**٥-١- دەرفەتە یاسایی و سیاسییەکانی بەردەم سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و کوێبێک**

هەوڵی سەربەخۆیی لەلایەن قەوارە نادەوڵەتییەکان، وەک هەرێمی کوردستان و کوێبێک، لەژێر کاریگەریی تێکەڵاوییەکی ئاڵۆزی فاکتەرە یاسایی و سیاسییەکاندا داڕێژراوە. هەرچەندە هەردوو ناوچەکە هەوڵی بەدەستهێنانی سەروەری و سەربەخۆییان داوە، بەڵام ڕێگاکانیان لەژێر کاریگەریی چوارچێوە دەستوورییەکان، یاسای نێودەوڵەتی، داینامیکی سیاسی و تێڕوانینە جیۆپۆلەتیکییەکاندا بووە.

**٥-١-١- دەرفەتە یاساییەکان بۆ سەربەخۆیی**

یەکەم: چوارچێوە یاسایی و دەستوورییە ناوخۆییەکان: دەرفەتە یاساییەکان بۆ سەربەخۆیی لەنێوان هەرێمی کوردستان و کوێبێکدا جیاوازن. هەرێمی کوردستان لەژێر دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ـدا کاردەکات، کە ئۆتۆنۆمیی بەرفراوانی پێبەخشیوە.[101] دەستووری عێراق ڕێگایەکی یاسایی بۆ جیابوونەوە دیاری نەکردووە و بەغدا دژایەتیی هەوڵەکانی سەربەخۆیی کردووە.[102] لە بەرانبەردا دۆخی یاسایی کوێبێک، لەلایەن دەستووری کەنەدا و بڕیاری دادگەی باڵای کەنەدا، لە ساڵی ١٩٩٨ ڕێکخراوە.[103] ئەم بڕیارە دایمەزراندووە کە زۆرینەیەکی ڕوون لە ڕیفراندۆمێکدا، حکوومەتی کەنەدا ناچار دەکات بۆ دانوستان.[104] ئەمە دەرفەتێکی یاسایی بۆ سەربەخۆیی کوێبێک دەڕەخسێنێت.[105]

---

[99] Lachapelle, Guy. "Identity, Integration and the Rise of Identity Economy: The Quebec Case in Comparison with Scotland, Wales and Catalonia." In Globalization, Governance and Identity: The Emergence of New Partnerships, edited by Guy Lachapelle and John Trent, (Montréal: Presses de l'Université de Montréal, 2000), P. 231.

[100] Ibid. p 234.

[101] شیروان کامل سبتي الراوئلي. "تأثير علاقات كوردستان الدولية في رسم السياسة الخارجية للعراق." مجلة قضايا سياسية، العدد ٦١، المجلد ١٢، (بغداد: جامعة النهرين، كلية العلوم السياسية، حزيران ٢٠٢٠)، ص ٣٨٥.

[102] بارزاني يصف الاستفتاء بـ"الانتصار الكبير" ويدعو بغداد للحوار"، مصدر سابق.

[103] Government of Canada – Privy Council Office. "Intergovernmental relations in the Canadian context." (2011). Retrieved from http://www.pco-bcp.gc.ca/aia/index.asp?lang=eng&page=relations&doc=context/context-eng.htm.

[104] Christopher Kirkey, Stéphane Paquin & Stéphane Roussel, op.cit, p 23.

[105] Ibid, p 24.

دووەم: یاسای نێودەوڵەتی و مافی چارەی خۆنووسین: هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەڵگە بهێنێتەوە کە مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکیی هەیە، بەهۆی ناهەقییە مێژووییەکان و چەوساندنەوە.[106] بەڵام لەبەر ئەوەی وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی سەیر دەکرێت، یاسای نێودەوڵەتی مافی سەربەخۆیی یەکلایەنەی پێنابەخشێت. بۆ کوێبێک، مافی چارەی خۆنووسین بە مانایەکی ناوخۆیی لێکدەدرێتەوە،[107] واتە مافەکانی باشتر وایە لە چوارچێوەی کەنەدادا پیادە بکرێن.[108]

٥-١-٢- دەرفەتە سیاسییەکان بۆ سەربەخۆیی

یەکەم: فاکتەرە سیاسییە ناوخۆییەکان: پشتگیریی سیاسی بۆ سەربەخۆیی کاریگەری لەسەر تواناکانی بەدەستهێنانی سەروەری هەیە. هەرێمی کوردستان هاوڕیزیی سیاسیی جێگیری نەبووە، بە دابەشبوون لەنێوان پارتە سەرەکییەکاندا. پەرتەوازەیی سیاسی پێگەی کوردی لاواز کردووە،[109] سەرەڕای ئەمەیش دەرفەتەکان لە پێکهاتەکانی حوکمڕانی و سەرچاوەکانەوە سەرهەڵدەدەن.[110] کوێبێک سیستەمێکی دیمۆکراسیی جێگیری هەیە لەگەڵ مێژوویەک لە ڕیفراندۆمەکان. هەرچەندە پشتگیری بۆ سەروەری کەمی کردووە، بەڵام دەرفەتی سیاسی هێشتا گونجاوە، ئەگەر هەستی گشتی بگۆڕێت.[111] ئامادەبوونی حزبی کوێبێکی دڵنیایی دەدات، کە سەربەخۆیی وەک بابەتێکی گفتوگۆی سیاسی دەمێنێتەوە. کوێبێک دەتوانێت سوود لە سەقامگیریی ئابووری و دامەزراوە دیمۆکراسییەکانی وەربگرێت.[112]

دووەم: پشتگیریی سیاسیی هەرێمی و نێودەوڵەتی: هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی مێژوویی، پشتگیری لە هەندێک وڵاتی ڕۆژئاوایی وەرگرتووە،[113] هەرچەندە نیگەرانییەکان دەربارەی سەقامگیریی هەرێمی و دژایەتیی عێراق، تورکیا و ئێران، پشتگیریی نێودەوڵەتیی سنووردار کردووە. دەرفەتی هەرێمی کوردستان لە سەلماندنی ئەوەیە کە سەربەخۆیی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی سەقامگیریی هەرێمی.[114] کوێبێک ڕووبەڕووی دۆخێکی سیاسیی نێودەوڵەتیی جیاواز دەبێتەوە، ئەگەری کەمترە هەوڵی سەربەخۆییەکەی ڕووبەڕووی هەمان بەرهەڵستیی جیۆپۆلەتیکی ببێتەوە.[115] فەڕەنسا هاوسۆزیی بەرانبەر کوێبێک دەربڕیوە، بەڵام توانای کوێبێک بۆ بەدەستهێنانی ددانپێدانانی نێودەوڵەتی، پشت بە ڕێگاچارەیەکی دیمۆکراسی دەبەستێت.[116]

بەگشتی ئاستەنگە یاسایی و سیاسییەکانی بەردەم سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و کوێبێک ئەمانە:

---

[106] کریستین مکغلورافي فان دن توررن، سیاسة إقليم كردستان عند منعطف طريق، (مركز كارنيغي، ٢٠١٨\٤\٢٦)، 76196https://carnegieendowment.org/sada/، تاريخ الزيارة ٢٠٢٤\١٢\٢٦.

[107] Crickemans, David, Op.cit, p 43.

[108] Ibid. p 44.

[109] Tom McTague. "Britain to start supplying arms to Kurdish forces in battle against ISIS, David Cameron reveals." Daily Mail, (8 September 2014). Available at: http://www.dailymail.co.uk/news/article-2748204/Britain-started-supplying-arms-Kurdish-forces-battle-against-ISIS-Iraq-David-Cameron-reveals.html visited: 24/3/2025.

[110] Crickemans, David, Op.cit, p 46.

[111] Kukucha, C. J., Op.cit, p 42.

[112] Ibid, p 43.

[113] كريستين مكغلورافي فان دن توررن، سیاسة إقليم كردستان عند منعطف طريق، مصدر سابق.

[114] كردستان - استقلال في الوقت الحالي يعني الانهيار الاقتصادي، مصدر سابق.

[115] Government of Canada – Privy Council Office, Op.cit.

[116] Ibid.

یەکەم: هەرێمی کوردستان: هەوڵەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کۆسپی یاسایی و سیاسی بووەوە. دەستووری عێراق چوارچێوەیەکی یاسایی ڕوونی بۆ جیابوونەوە دابین نەکردووە.[117] حکوومەتی فیدراڵیی عێراق، بە پشتیوانیی هێزە هەرێمییەکان، سەربەخۆیی کوردیان وەک هەڕەشەیەک سەیر کرد. نەبوونی ددانپێدانانی نێودەوڵەتی، زیاتر ڕەوایەتیی ڕاپرسییەکەی لاواز کرد.[118]

دووەم: کوێبێک: بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوێبێک، لە چوارچێوەیەکی یاسایی باش-پێناسەکراودا کاری کردووە. بڕیاری دادگەی باڵای کەنەدا، لە ساڵی ١٩٩٨ ئەوەی سەلماند، کە کوێبێک ناتوانێت بە شێوەیەکی یەکلایەنە جیا ببێتەوە، بەڵام دەتوانێت دانوستان بکات، ئەگەر زۆرینەیەکی ڕوون پشتگیری لە ڕاپرسییەکی یاسایی بکات.[119] یاسای ڕوونی فیدراڵی، زیاتر ئەم پێکهاتە یاساییەی بەهێز کرد، کە دڵنیایی دەدات لەوەی ڕاپرسییەکان پێویستیان بە پرسیاری ڕوون و زۆرینەی ڕوون دەبێت.[120]

### ٥-٢- دەرفەت و ئاستەنگەکان لە بواری هێزی سەربازیی

یەکەم: توانای ئاسایش و بەرگری: یەکێک لە دەرفەتە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، بوونی هێزێکی سەربازیی سەربەخۆیە، کە بە پێشمەرگە ناسراوە.[121] بە پێچەوانەی کوێبێک، کە پشت بە سوپای کەنەدا دەبەستێت.[122] هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بەسەر هێزە ئەمنیەکانیدا هەیە.[123] هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە، بەتایبەتی لە کاتی شەڕ دژی داعش.[124] حکوومەتی هەرێم توانای هەیە بە سەربەخۆیی، هێزەکان جووڵە پێ بکات. کوێبێک سوود لە بەشداربوون لە هێزە چەکدارەکانی کەنەدا وەردەگرێت.[125] کوێبێکییەکان خزمەت دەکەن و بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکانی بەرگریی نیشتمانی و نێودەوڵەتی دەکەن.[126] بوونی بنکە سەربازی و دامەزراوە بەرگرییەکانی هێزە چەکدارەکانی کەنەدا لە کوێبێک، ئاسایشی پارێزگەکە بەهێز دەکات.[127]

---

[117] "بڕیاری دادگەی فیدراڵیی باڵای عێراق، ژمارە (٨٩, ٩١, ٩٢, ٩٣ / فیدراڵی / ٢٠١٧)." (٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧). ماڵپەڕی دادگەی فیدراڵیی باڵا، لەم لینکەوە بەردەستە: .2017https://www.iraqfsc.iq/s/ ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٥/٣/٢٥.

[118] World Review. "Kurdish independence: what it could mean for the Middle East." (2013). Available at: http://www.worldreview.info/content/kurdish-independence-what-it-could-mean-middle-eas (Accessed: 25/3/2025).

[119] Ivo D. Duchacek, op.cit, p 31.

[120] Ibid, p 32.

[121] ئومێد ڕەفیق. "هێزەکانی پێشمەرگە لە دوای شەڕی داعش."، سەرچاوەی پێشوو.

[122] Crickemans, David, Op.cit, p 63.

[123] Mera Jasm Bakr. "The War at Home: The Need for Internal Security Sector Reform in Iraqi Kurdistan." (Washington: The Middle East Institute, July 2020), P. 5.

[124] Ibid, p 8.

[125] Crickemans, David, Op.cit, p 65.

[126] Ibid, p 66.

[127] VanDuzer, Anthony. "Could an Intergovernmental Agreement Make Canadian Treaty Commitments in Areas within Provincial Jurisdiction More Credible?" International Journal, Vol. 68, No. 4, (2013), P. 542.

دووەم: هاوکاریی سەربازیی نێودەوڵەتی: هەردوو هەرێمی کوردستان و کوێبێک سوود لە هاوکاریی سەربازیی نێودەوڵەتی وەردەگرن، بەڵام بە شێوازی جیاواز. هەرێمی کوردستان هاوبەشیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سوپا بیانییەکان دەکات،[128] لە کاتێکدا کوێبێک سوود لە هاوپەیمانیەکانی کەنەدا وەردەگرێت.[129]

هەردوو هەرێم لە سۆنگەی پرسی سەربازییەوە، کۆمەڵێک ئاستەنگ دێنە ڕێیان، لەوانەیش:

یەکەم: سنووردارێتییە دەستووری و یاساییەکان: هەرێمی کوردستان و کوێبێک هەردووکیان، ڕووبەڕووی سنووردارێتیی یاسایی دەبنەوە. بۆ هەرێمی کوردستان، خۆبەڕێوەبەریی سەربازییەکەی لەلایەن حکوومەتی فیدراڵیی عێراقەوە بەرەنگاری دەکرێتەوە. دەستووری عێراق دان بە هێزەکانی حکوومەتی هەرێمدا نانێت وەک هێزێکی جیاواز لە سوپای فیدراڵی.[130] حکوومەتی فیدراڵی هێزەکانی پێشمەرگە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکێتیی نیشتمانیی عێراق دەبینێت.[131] هەرێمی کوردستان ناتوانێت بە سەربەخۆیی بچێتە ناو ڕێککەوتنی بەرگرییەوە بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا.[132] کوێبێک ڕووبەڕووی هەمان سنووردارێتی نابێتەوە، بەڵام نەبوونی سوپای سەربەخۆی کوێبێک مانای وایە کە ئاسایشە سەربازییەکەی پشت بە حکوومەتی کەنەدا دەبەستێت.[133] کوێبێک ناتوانێت بە سەربەخۆیی، بەشداری لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا بکات بەبێ ڕەزامەندیی ئۆتاوا.[134]

دووەم: سنووردارێتییەکانی دارایی و سەرچاوەکان: هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو دەبێتەوە. پشتبەستنی ئابووریی هەرێمەکە بە نەوت، مانای وایە کە گۆڕانکارییەکانی نرخی نەوت، دەتوانن کاریگەری لەسەر بوودجە سەربازییەکەی بکەن. حکوومەتی هەرێم زۆر جار کێشەی هەیە لە تەرخانکردنی پارەی پێویست.[135] پێداویستییە سەربازییەکان و چەکوچۆڵی حکوومەتی هەرێم، زۆر جار پشت بە بەخشەران و هاوبەشە سەربازییە نێودەوڵەتییەکان دەبەستن.[136] هەرچەندە کوێبێک سوود لە سوپای کەنەدا وەردەگرێت، نەبوونی کۆنترۆڵی پارێزگەکە بەسەر خەرجیی بەرگرییەوە، توانای سنووردار دەکات.[137] کوێبێکییەکان لە هێزە چەکدارەکانی کەنەدادا خزمەت دەکەن، بەڵام هەموو بڕیارێکی خەرجیی سەربازی، لە ئاستی فیدراڵی دەدرێت.[138]

سێیەم: دابەشبوونی ناوخۆیی و ئاستەنگەکانی هەماهەنگی: سوپای هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دابەشبوونی ناوخۆیی دەبێتەوە. پێشمەرگە لە چەندین فراکسیۆنی سەربازی پێکهاتووە، کە ئاستی جیاوازی دڵبەندییان بۆ حزبە سیاسییەکان

---

[128] ئەبوبەکر عەلی. "سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و کێشەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی." ماڵپەڕی ئاوێنە، لەم لینکەوە بەردەستە: =https://www.awene.com/article?no=1226&auther=2555، ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٥/٣/٢٧.

[129] Michael Knights. "Divided Forces in Iraq." The Washington Institute improving the quality of U.S Middle East policy, (October 9, 2014). Available at: http://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/divided-forces-in-iraq visited: 27/3/2025.

[130] ئەبوبەکر عەلی. "سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و کێشەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی."، سەرچاوەی پێشوو.

[131] هەمان سەرچاوە.

[132] كريستين مكغلورافي فان دن تورزن، سياسة إقليم كردستان عند منعطف طريق، مصدر سابق.

[133] Herman Bakvis and Grace Skogstad, Op.cit, p 25.

[134] Ibid, p 29.

[135] د. زوبێر ڕەسوڵ. "کێشە هەنووکەییەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان." ماڵپەڕی ڕووداو، (٢٠٢٠/٥/٢٠). لەم لینکە بەردەستە: https://www.rudaw.net/sorani/opinion/20052020brgmk8qzob2?fbclid=iwar ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٥/٣/٢٨.

[136] هەمان سەرچاوە.

[137] Herman Bakvis and Grace Skogstad, Op.cit, p 32.

[138] Ibid, p 34.

هەیە، کە دەبێتە هۆی ناکارامەیی و نەبوونی فەرماندەیی یەکگرتوو.[139] نەبوونی پێکهاتەیەکی فەرماندەیی ناوەندی، کاری تێکەڵکردنی پێشمەرگە لەگەڵ هەوڵە سەربازییە نیشتمانییەکان قورستر دەکات.[140] کوێبێک دابەشبوونی ناوخۆیی ئەزموون ناکات، چونکە لەژێر پێکهاتەی هێزە چەکدارەکانی کەنەدادا کار دەکات، بەڵام دەبێت لەپێشینەکانی بەرگری، لەگەڵ سیاسەتە نیشتمانییەکان بگونجێنێت. کوێبێک هیچ خۆبەڕێوەبەرییەکی لە بڕیارداندا سەبارەت بە سیاسەتی بەرگری نییە.[141]

هەردوو هەرێم ڕووبەڕووی سنووردارێتی دەبنەوە. خۆبەڕێوەبەریی سەربازیی هەرێمی کوردستان، لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دژایەتی دەکرێت. سەرەڕای هێزە چەکدارە سەربەخۆکانی، حکوومەتی هەرێم بەهۆی پشتبەستنی ئابوورییەکەی بە نەوت و دابەشبوونی ناوخۆیی سنووردار کراوە. کوێبێک سوود لە ژێرخانی سەربازیی کەنەدا وەردەگرێت، بەڵام کۆنترۆڵی سەربەخۆی بەسەر کاروباری بەرگریدا نییە.

٣-٥- دەرفەت و ئاستەنگەکان لە بواری ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا

توانای دامەزراوە نادەوڵەتییەکان، بۆ بەشداریکردن لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، لایەنێکی گرنگی پارادیپلۆماسییە. هەردوو هەرێم، سەرەڕای نەبوونی سەروەریی تەواو، هاوبەشیی نێودەوڵەتی گەشە پێداوە. هەرێمی کوردستان بەدواداچوونی بۆ ڕێککەوتنەکان کردووە، بەڵام ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە، بەهۆی دەسەڵاتی بەغدا.[142] کوێبێک چەندین ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی واژۆ کردووە، کە سوود لە پێکهاتەی فیدراڵیی کەنەدا وەردەگرێت.[143]

یەکەم: ڕێککەوتنە ئابووری و بازرگانییەکان: هەرێمی کوردستان چەندین گرێبەستی نەوت و گازی لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان واژۆ کردووە، سەرەڕای دژایەتیی حکوومەتی فیدراڵی. هەرێمەکە ڕێککەوتنی ئابووری لەگەڵ تورکیا، یەکێتیی ئەورووپا و دەوڵەتانی کەنداو دامەزراندووە.[144] هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنەکانی بازرگانیی ئازاد بەکارهێناوە بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیاکان.[145] کوێبێک، کۆنترۆڵی بەسەر ڕێککەوتنە بازرگانییەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکەیدا هەیە. چووەتە ناو ڕێککەوتنەکانی وەک ڕێککەوتنی گشتگیری ئابووری و بازرگانی (سیتا) لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا.[146] پیشەسازیی کارۆئاویی کوێبێک ڕێککەوتنەکانی هەناردەکردنی وزەی لەگەڵ ویلایەتەکانی ئەمریکا ئاسان کردووە.[147] کوێبێک لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵیی جێگیر کار دەکات، کە پەیوەندییە بازرگانییەکان ئاسان دەکات.[148] هەردوو هەرێم دەبێت سەقامگیریی ئابووری، وەک فاکتەرێکی گرنگ لە خواستەکانی سەربەخۆییاندا لەبەرچاو بگرن. هەرێمی کوردستان یەدەگی بەرچاوی نەوتی هەیە، بەڵام ناکۆکییەکان لەگەڵ بەغدا و پشتبەستن بە هەناردەکردن لە ڕێگای وڵاتانی دراوسێوە، لاوازیی ئابووری دروست دەکەن. کوردستانی سەربەخۆ، پێویستی بە دامەزراندنی ڕێگاکانی بازرگانیی جێگیر دەبێت.[149]

---

[139] ئەبوبەکر عەلی. "سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و کێشەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی."، سەرچاوەی پێشوو.

[140] هەمان سەرچاوە.

[141] Crickemans, David, Op.cit, p 71.

[142] سەعید کاکەیی، بارگەی دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات؟، سەرچاوەی پێشوو.

[143] Criekemans, D. "The foreign policy and diplomatic representation of the Belgian regions: Flanders and Wallonia compared." In Foreign policy of constituent units at the beginning of 21st century, Ferran Requejo (Eds.), (Barcelona, Spain: Institut d'Estudis Autonòmics, 2010c), P. 21.

[144] د. یاسین محمود جوماني، مصدر سابق، ص ١٧١.

[145] المصدر نفسه، ص ١٧٣.

[146] Michelmann, H. J. "Québec's constituent diplomacy in comparative perspective." Paper delivered at the 2011 International Studies Association Convention, (Montreal, QC: March 16, 2011), P. 24.

[147] Michelmann, H. J., Op.cit, p 26.

[148] Ibid, p 27.

[149] کریستین مکغلورافي فان دن توررن، سیاسة إقلیم کردستان عند منعطف طریق، مصدر سابق.

کوێبێک بە ئابووریە پێشکەوتووەکەی، لە پێگەیەکی باشتردایە بۆ سەربەخۆیی ئابووری.[150] دەرفەتی ئابووریی کوێبێک لە سوودوەرگرتن لە پیشەسازییەکانی و پاراستنی پەیوەندییە بازرگانییەکانیدایە.[151]

دووەم: ڕێککەوتننامە کولتووری و پەروەردەییەکان: هەرێمی کوردستان ڕێککەوتننامەی لەگەڵ زانکۆکان و دامەزراوە توێژینەوەییەکانی ئەورووپا واژۆ کردووە. هەرێمەکە ڕێککەوتننامەی دیپلۆماسیی کولتووریی لەگەڵ وڵاتان ئەنجام داوە، کە پەرەی بە زمان و کولتووری کوردی داوە.[152] هاوبەشی لەگەڵ یونیسکۆ و ڕێکخراوەکان، ڕێگای بە حکوومەتی هەرێم داوە بەشداری بکات، لە پرۆژەکانی پاراستنی کولتووری کوردی.[153] کوێبێک چەندین ڕێککەوتننامەی کولتووریی لەگەڵ نەتەوە و ڕێکخراوە فەڕەنسیی زمانەکان پەرەپێداوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی "لا فڕانکۆفۆنیـ"*ـدا. هەروەها حکوومەتی کوێبێک ڕێککەوتننامەی سەربەخۆی لەگەڵ زانکۆ و دامەزراوە کولتوورییەکان دامەزراندووە.[154] پیشەسازییەکانی فیلم، هونەر و بڵاوکردنەوەی کوێبێک، سوود لە ڕێککەوتننامەکانی بازرگانی وەردەگرن.[155]

سێیەم: هاوکاریی ئاسایش و بەرگری: سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتی سەربەخۆ نین، هەردوو هەرێم، هاوبەشیی نێودەوڵەتیی پەیوەست بە ئاسایش و بەرگرییان پەرەپێداوە. هەرێمی کوردستان چەندین ڕێککەوتننامەی هاوکاریی سەربازی، لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ناتۆ واژۆ کردووە، بەتایبەتی لە شەڕی دژی داعشدا.[156] حکوومەتی هەرێم یارمەتیی سەربازی، بەرنامەکانی ڕاهێنان و ڕێککەوتننامەکانی هاوبەشکردنی زانیاریی هەواڵگری وەرگرتووە. ئەم ڕێککەوتننامانە توانای هەرێمی کوردستان بەهێز دەکەن، هەرچەندە بەغدا کۆنترۆڵی سیاسەتی بەرگری دەکات.[157] کوێبێک ڕێککەوتننامەی سەربازیی سەربەخۆ واژۆ ناکات، چونکە بەرگری و سیاسەتی دەرەوە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵیی کەنەدادایە. کوێبێک خانەخوێی بنکە سەربازی و پیشەسازییە بەرگرییەکانی کەنەدایە.[158] کوێبێک لە ڕێگای هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەشداری لە ڕێککەوتننامە ئاسایشییە مرۆییەکاندا کردووە.[159]

لەگەڵ ئەمانەیشدا، کۆمەڵێک ئاستەنگ لە بواری ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەنێوان هەردووکیاندا هەیە وەک:

یەکەم: ئاستەنگە یاسایی و دەستوورییەکان: یەکێک لە سنووردارییە سەرەکییەکانی هەردوو هەرێم، ئەو ڕادەیەیە کە دەستووره نیشتمانییەکانیان ڕێگایان پێدەدات لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا بەشداری بکەن. هەرێمی کوردستان بەهۆی ماددەی ١١٠ی دەستووری عێراقەوە سنووردار کراوە، کە تێیدا هاتووە سیاسەتی دەرەوە، تەنیا لە دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵدایە.[160] بەغدا دژایەتیی گرێبەستە نەوتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و هەڵیوەشاندوونەتەوە.[161] لە بەرانبەردا، دەستووری کەنەدا ڕێگا بە هەرێمەکان دەدات، لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا بەشداری بکەن لەو بوارانەی کە

---

150 Kukucha, C. J., Op.cit, p 45.

151 Ibid, p 47.

152 Ayman I. Dessouki, Op.cit, p 11.

153 Ibid.

* ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە بۆ پەرەپێدانی زمان و کولتووری فەڕەنسی.

154 Criekemans, D., Op.cit, p 38.

155 Ibid, p 40.

156 د. معروف عمر كول و د. جلال كريم رشيد الجاف، مصدر سابق، ص ١٠٧.

157 المصدر نفسه، ص ١٠٦.

158 Barnett, L., Op.cit.

159 Ibid.

160 ماددەی (١١٠)ـی دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥).

161 ايناس احمد غزال. "الدول الاقليمية واقليم كردستان العراق بعد ٢٠٠٣." ط الاولى، (تكريت-صلاح الدين: دار الابداع، ٢٠٢١)، ص٨٠.

دەسەڵاتیان هەیە. کوێبێک دەتوانێت ڕێککەوتننامەی بازرگانی و کولتووری واژۆ بکات، بەڵام ناتوانێت سیاسەتی دەرەوە بەڕێوە ببات.[162]

دووەم: ئاستەنگە سیاسی و جیۆپۆلەتیکییەکان: ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان، زۆر جار لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکییەوە دەبینرێن، کە تورکیا، ئێران و عێراق چاودێریی پەیوەندییە دەرەکییەکانی دەکەن.[163] کوێبێک دەبێت ڕێککەوتننامەکانی لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی کەنەدادا بگونجێن.[164] هەرێمی کوردستان خۆسەرییەکی زیاتری هەیە لە ڕێککەوتننامە سەربازی و ئابوورییەکاندا، بەڵام ڕووبەڕووی ناکۆکیی یاسایی دەبێتەوە لەگەڵ بەغدا، لە کاتێکدا کوێبێک چوارچێوەیەکی جێگیری هەیە بۆ دیپلۆماسیی بازرگانی و کولتووری، بەڵام پابەندە بە پێکهاتەی سیاسەتی دەرەوەی کەنەداوە.

**٥-٤- دەرفەت و ئاستەنگەکان لە بواری سەرچاوە سروشتییەکان**

**٥-٤-١- دەرفەتەکانی سەرچاوە سروشتییەکان**

یەکەم: گەشەی ئابووری و بەرهەمهێنانی داهات: هەردوو هەرێمی کوردستان و کوێبێک، سوودیان لە دەوڵەمەندیی سەرچاوەکانیان وەرگرتووە. هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی یەدەگی زۆری نەوت و گازی کردووە، کە بە نزیکی (٤٥) ملیار بەرمیل نەوتی خاو مەزەندە دەکرێت. هەناردەکردنی نەوت بزوێنەرێکی سەرەکیی گەشەی ئابووری بووە.[165] حکوومەتی هەرێم گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان واژۆ کردووە. هەرێمی کوردستان سوود لە شوێنە ستراتیژییەکەی وەردەگرێت، کە ڕێگای پێدەدات نەوت لە ڕێگای بۆرییەکانەوە و بە تورکیادا هەناردە بکات.[166] بە پێچەوانەوە، سەرچاوەکانی کوێبێک فرەچەشنن، کە ئابوورییەکەی سوود لە وزەی کارۆئاوی، دارستان، کانزاکان وەردەگرێت.[167] وزەی کارۆئاوی نزیکی ٩٥٪ـی کارەبای هەرێمەکە دابین دەکات، کە کوێبێکی کردووەتە هەناردەکەرێکی سەرەکیی وزە. کەرتی کانزاکاریی کوێبێک یەدەگی بەرچاوی زێڕ، ئاسن، لیسیۆم و توخمە دەگمەنەکانی تێدایە.[168] پیشەسازیی دارستانیی هەرێمەکە بەشدارییەکی بەرچاو لە ئابووریی ناوخۆیی و هەناردەکردندا دەکات.[169]

دووەم: دەرفەتی هەناردەکردنی وزە و هاوبەشییە ستراتیژییەکان: هەرێمی کوردستان، لە ڕێگای بۆرییەکەوە، نەوت بۆ تورکیا هەناردە دەکات. یەدەگی گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان، هێزی شاراوەی ئەوەی هەیە، وزە بۆ ئەورووپا دابین بکات. توانای حکوومەتی هەرێم بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕێککەوتننامە سەربەخۆکانی وزە، پێگەی ئابووریی نێودەوڵەتیی بەرز کردووەتەوە.[170] هایدرۆ-کوێبێک یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی وزەی کارۆئاوی لە جیهاندا، کە وزەی پاک بۆ ویلایەتەکانی ئەمریکا هەناردە دەکات. سەرچاوە کانزاییەکانی کوێبێک، بەتایبەتی لیسیۆم، بۆ بەرهەمهێنانی پاتریی

---

[162] Rakhahari Chatterji and Swagata Saha, "Para-diplomacy: Concept and the Context", (India Quarterly, A Journal of International Affairs, vol. 73, Issue. 4, New Delhi: Indian Council of World Affairs, December 2017), p.6.

[163] سەعید کاکەیی، بارگەی دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات؟، سەرچاوەی پێشوو.

[164] Chaloux, Annie, and Stéphane Paquin, op.cit, p 31.

[165] د. عمار حميد ياسين و د. عبير سهام مهدي. "دور السياسة الخارجية العراقية في تفعيل الأداء الدبلوماسي لمرحلة مابعد العام ٢٠٠٣." مجلة دراسات دولية، العدد ٨٣، (بغداد: جامعة بغداد، ٢٠٢٠)، ص ١٩٣.

[166] مصدر نفسه، ص ١٩٤.

[167] Christopher Kirkey, Stéphane Paquin & Stéphane Roussel, op.cit, p 14.

[168] Ibid, p 16.

[169] Ibid, p 18.

[170] وحيد العام الكناني، مصدر سابق، ص ٢١.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

ئۆتۆمبیلی کارەبایی و تەکنەلۆژیاکانی وزەی نوێبووەوە گرنگن.[171] هەرێمەکە ڕێککەوتننامەی بازرگانیی بەهێزی هەیە کە وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی لە کەرتی وزەدا ئاسان دەکات.[172] لە کاتێکدا هەردوو هەرێمەکە پۆتێنشیاڵی بەهێزی هەناردەکردنی وزەیان هەیە، پشتبەستنی هەرێمی کوردستان بە بۆرییەکانی نەوت لە ڕێگای تورکیاوە، مەترسیی جیۆپۆلەتیکیی دروست دەکات، لە کاتێکدا هەناردەکردنی وزەی نوێبووەوەی کوێبێک، لەگەڵ سیاسەتە ژینگەییە جیهانیەکاندا دەگونجێت.

سێیەم: وەبەرهێنانی بیانی و گەشەپێدانی ژێرخان: دەوڵەمەندیی سەرچاوە سروشتییەکان، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی ڕادەکێشێت. هەرێمی کوردستان چەندین ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە کەرتی نەوت و گازدا ڕاکێشاوە، کە بووەتە هۆی گەشەپێدانی پاڵاوگەی مۆدێرن و ڕێڕەوی بۆری.[173] کوێبێک سەروەت و سامانی سەرچاوەکانیی بەکارهێناوە، بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی وزەی پاک، لەوانە وزەی با و وزەی خۆر.[174] حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ناجێگیری دەبێتەوە، بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکان لەگەڵ بەغدا، لە کاتێکدا کوێبێک لە ژینگەیەکی کاری ئارام و چاوەڕوانکراودا کار دەکات.

٥-٤-٢- ئاستەنگەکانی سەرچاوە سروشتییەکان

یەکەم: ناکۆکییە سیاسی و یاساییەکان: توانای سوود وەرگرتنی تەواو لە سەرچاوە سروشتییەکان، پشت بە جێگیریی یاسایی و سیاسی دەبەستێت. حکوومەتی فیدراڵیی عێراق ناکۆکی لەبارەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر گرێبەستەکانی نەوت و گاز هەیە، بە ئاماژەدان بە ماددەکانی (١١١ و ١١٢)ـی دەستووری عێراق.[175] بەغدا هەندێک کات ڕێگری لە هەناردەکردنی سەربەخۆی نەوتی هەرێمی کوردستان کردووە. هەرێمی کوردستان پشت بە ڕێگاکانی هەناردەکردن لە ڕێگای تورکیاوە دەبەستێت.[176] بە پێچەوانەوە، کوێبێک ڕووبەڕووی ناکۆکیی دەستووری لەسەر بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان نابێتەوە، چونکە یاسای دەستووریی کەنەدا، کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانی داوەتە هەرێمەکان، لەگەڵ ئەوەیشدا سیاسەتەکانی کوێبێک، دەبێت لەگەڵ ڕێسا فیدراڵییەکانی کەنەدادا بگونجێن.[177]

دووەم: گۆڕانکاریی بازاڕ و نیگەرانییە ژینگەییەکان: پشتبەستنی هەرێمی کوردستان بە نەوت، ئابوورییەکەی دەخاتە ژێر هەستیاریی داڕمانی نرخی نەوتی جیهانی و ناسەقامگیریی سیاسی.[178] کوێبێک ڕووبەڕووی گوشار دەبێتەوە، بۆ هاوسەنگکردنی دەرهێنانی سەرچاوەکان لەگەڵ پاراستنی ژینگە، بەتایبەتی لە کانزاکاری و پەرەپێدانی وزەی کارۆئاوی.[179] ئابوورییە فرەچەشنە سەرچاوەییەکەی کوێبێک مەترسییەکانی کەم دەکاتەوە، لە کاتێکدا پشتبەستنی هەرێمی کوردستان بە نەوت، دەیخاتە ژێر هەستیاریی زیاترەوە.

[171] Christopher Kirkey, Stéphane Paquin & Stéphane Roussel, op.cit, p 23.

[172] Ibid, p 24.

[173] بشتيوان صادق، نحو تأسيس دولة كوردستان، مصدر سابق، ص ٢٢٥.

[174] John Macmillan, "Liberal internationalism", in: Martin Griffiths, International Relations Theory For the Twenty-First Century: An Introduction, (New York: Routledge, 2007), p 31.

[175] ماددەکانی (١١١ و ١١٢)ـی دەستووری هەمیشەییی عێراق (٢٠٠٥).

[176] Khalil, L. "Stability in Iraqi Kurdistan: Reality or Mirage?" (The SABAN CENTER for MIDDLE EAST POLICY, 2009), P. Vii.

[177] Samuel Lucas McMillan, The involvement of state Governments in US Foreign Relations, (USA: Palgrave Macmillan, 2012), p 93.

[178] بشتيوان صادق، نحو تأسيس دولة كوردستان، مصدر سابق، ص ٢٢٦.

[179] Samuel Lucas McMillan, op.cit, p 95.

هەردوو هەرێم خاوەنی سامانێکی بەرچاوی سەرچاوەی سروشتین. هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو، پشت بە هەناردەکردنی نەوت و گاز دەبەستێت، لە کاتێکدا کوێبێک ئابوورییەکی فرەچەشنی سەرچاوەیی هەیە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەبات لەگەڵ ناکۆکییە سیاسییەکان، لەسەر داهاتی نەوت دەکات، لە کاتێکدا کوێبێک سوود لە چوارچێوەیەکی یاسایی جێگیر وەردەگرێت.

## ٦- دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان:

### ٦-١- دەرئەنجامەکان

- پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمە فیدراڵییەکان بەشێکی ئاڵۆزی سیاسەتی نێودەوڵەتین. بەراوردی کوێبێک و هەرێمی کوردستان دوو ئەزموونی جیاواز دەخاتەڕوو. پەیوەندییەکانی کوێبێک لە چوارچێوەی دەستووری کەنەدا جێگیرە، کە ڕێگای پێدەدات لە بوارەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، ئامادەبوونی نێودەوڵەتیی بەهێز بێت. پێگە ئابوورییەکەی و سەرچاوەکانی متمانەی پێدەدەن ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی ئەنجام بدات. پەیوەندییە نزیکەکانی لەگەڵ وڵاتانی فەڕەنسیی زمان، لە ڕێگای لا فڕانکۆفۆنی، دیپلۆماسییەتی کولتووری بەکاردێنێت، هەرچەندە لە کۆتاییدا پابەندە بە سیاسەتی دەرەوەی کەنەداوە. هەرێمی کوردستان لە ژینگەیەکی سیاسیی شلۆقتردا کاردەکات، لەژێر کاریگەریی ناڕوونیی دەستووری و فشارە جیۆپۆلەتیکییەکان. بەچالاکی، بەدوای هاوبەشێتیی ئابووری و ئاسایشیدا دەگەڕێت، ڕێککەوتنەکانی نەوت و گاز و هاوبەشێتییە ئاسایشییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا، توانای بەشداریکردنی سەربەخۆی دەردەخەن. سەرەڕای ئەمە، ناکۆکییەکانی لەگەڵ بەغدا و داینامیکییەتی هەرێمی لەگەڵ تورکیا، ئێران و سووریا، پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئاڵۆزتر دەکەن.
- جیاوازییەکی سەرەکیی نێوان کوێبێک و هەرێمی کوردستان لە ئاستی ددانپێدانان و پشتگیریی دامەزراوەییدایە. کوێبێک سوود لە سیستەمێکی فیدراڵیی جێگیر وەردەگرێت، کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تێیدا دامەزراون و ڕێزیان لێ دەگیرێت. بەرانبەر بەمە، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی نادڵنیایی یاسایی و سیاسی دەبێتەوە، کە پەیوەندییەکانی بەردەوام لەلایەن بەغداوە کێشەیان لەسەرە. ئەم ناجێگیرییە، هەوڵە دیپلۆماسییەکانی زیاتر کاردانەوەیی و ناسک دەکات.
- سەرەڕای ئەم جیاوازییانە، هەردووکیان ڕۆڵی گەشەسەندووی هەرێمە فیدراڵییەکان لە کاروباری نێودەوڵەتیدا پیشان دەدەن. ئەزموونەکانیان ئەو ڕێگایانە دەخەنەڕوو کە قەوارە نادەوڵەتییەکان دەتوانن سوود لە سەرچاوەکانیان وەربگرن، بۆ بەشداریکردن لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، تەنانەت بەبێ سەروەریی تەواو. هەردوو کیانە نادەوڵەتییەکە، خاوەنی پێگەی یاسایین، لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا و هەوڵی بەدەستهێنان
- قەوارە نادەوڵەتییەکان، هەم لە کەنەدا و هەم لە عێراق، بۆ کەمکردنەوەی گرژی و باشترکردنی هەماهەنگی.
- بەهێزکردنی دی ی دەسەڵاتی زیاتر دەدەن، بەڵام جیاوازیی سەرەکییان لە چوارچێوەی یاسایی، میکانیزمی جێبەجێکردن، سەرچاوە بەردەستەکان و ئاستی سەربەخۆیی لە بڕیارداندا هەیە.

### ٦-٢- ڕاسپاردەکان

- بەهێزکردنی ڕوونیی یاسایی: پێویستە چوارچێوەی یاسایی ڕوونتر دابمەزرێت بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکانی پلۆماسییەتی ئابووری: کوێبێک و هەرێمی کوردستان دەبێت لەسەر فراوانکردنی ڕێککەوتنەکانی بازرگانی، وەبەرهێنانی بیانی و هاوبەشیی ستراتیژی جەخت بکەنەوە. هەرێمی کوردستان پێویستە جەخت لەسەر ئابووریی جۆراوجۆر بکات لە دەرەوەی نەوت.

- بەدامەزراوەییکردنی میکانیزمە دیپلۆماسییەکان: دامەزراندنی میکانیزمی دیپلۆماسیی فەرمی، فراوانکردنی نوێنەرایەتییە گشتییەکان و مسۆگەرکردنی ددانپێدانانی فەرمی بۆ نووسینگەکانی نوێنەرایەتی، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی کاریگەریی نێودەوڵەتی.
- کەمکردنەوەی مەترسییە سیاسییەکان: هەرێمی کوردستان دەبێت هاوسەنگیی پەیوەندییەکان لەگەڵ دراوسێکان ڕابگرێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بپارێزێت. کوێبێک پێویستە دڵنیا بێت لە هاوپەیمانیی نێوان سیاسەتە دەرەکییە هەرێمی و نیشتمانییەکان.
- سوودوەرگرتن لە دیپلۆماسییەتی کولتووری: هەردوو ناوچە دەتوانن ناسنامەی کولتووریی بەهێزیان، وەک سامانی دیپلۆماسی، بەکاربهێنن. فراوانکردنی ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی، بەرنامەکانی زمان و هاوکارییە کولتوورییە نێودەوڵەتییەکان، ئامادەبوونی جیهانییان بەهێزتر دەکات.
- گەشەپێدانی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی قەیران: هەرێمی کوردستان پێویستە پرۆتۆکۆلی دیپلۆماسی، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکییەکان دابمەزرێنێت و پەیوەندیی بەهێزتر، لەگەڵ دەستەکانی نێوەندگیری بنیات بنێت. کوێبێک دەبێت لە ڕێگای جۆراوجۆرکردنی هاوبەشییەکانی، بەرگەگرتنی دیپلۆماسی بەهێز بکات.
- فراوانکردنی بەشداریی فرەلایەن: یەکە نادەوڵەتییەکان دەبێت بەشداری لە ڕێکخراوە فرەلایەنەکاندا بکەن، وەک بەشداریی کوێبێک لە لا فرانکۆفۆنی. هەرێمی کوردستان پێویستە بەشداری لە فۆرمە هەرێمی و جیهانییەکاندا فراوان بکات بۆ ددانپێدانانی زیاتر.
- دڵنیابوون لە ڕوونی و حوکمڕانیی باش: پێویستە دەستەی چاودێریی سەربەخۆ بۆ ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان دابمەزرێنرێت، پابەندبوون بە یاساکان دڵنیا بکرێت و دیپلۆماسییەتی گشتی بەکاربهێنرێت بۆ بەهێزکردنی ڕەوایەتی و متمانەی گشتی.
- هاندانی هاوکاریی نێوان-هەرێمی: دامەزراندنی تۆڕەکانی هاوکاری لەنێوان قەوارە نادەوڵەتییەکاندا، کە هەمان ئاستەنگییان هەیە، دەرفەتی نوێ بۆ بەشداریی هاوبەش لە کاروباری نێودەوڵەتیدا دروست دەکات.
- پێشخستنی دیدگەی ستراتیژیی درێژخایەن: کوێبێک دەبێت دیپلۆماسییەتی ئابووری، کولتووری و ژینگەیی تێکەڵ بکات، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان پێویستە ڕێبازێکی ڕێکخراوتر و لە ڕووی یاساییەوە ددانپێدانراوتر پەیڕەو بکات بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە دەستوورییەکان لەگەڵ بەغدا.
- بە شێوەیەکی گشتی، هەرێمی کوردستان دەتوانێت چاو لە کوێبێک بکات و پەرە بە پەیوەندییەکانی دەرەوەی بدات، بەتایبەت
- پەیڕەوکردنی مۆدێلی کوێبێک لە دامەزراندنی دەسەڵاتی دیپلۆماسیدا: هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ئەزموونی سەرکەوتووی کوێبێک، لە دامەزراندنی ناوەندی دیپلۆماسیی بەهێزی خۆی، سوود وەربگرێت. پێویستە سیستەمی کوێبێک، لە دابەشکردنی تایبەتمەندی و بەرپرسیارێتیی نێوان وەزارەتەکان، پەروەردەکردنی دیپلۆماسیی پیشەیی و دامەزراندنی بنکە ئابووری-کولتوورییەکان، لە وڵاتانی ستراتیژی، لاسایی بکاتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی متمانەی نێودەوڵەتی و پێگەی سیاسیی هەرێم، وەک ئەکتەرێکی یاسایی و جێگیر.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوەی کوردییەکان

#### ١- کتێب

- د. شێرزاد نەجار، کۆتایی سایکس بیکۆ (پێگەی هەرێمی کوردستان - عێراق لە سیاسەتی جیهانیدا)، (لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان، کتێبی ژمارە (2).

- شاڵاو عبدالخالق محمد. "دیپلۆماسیەتی خوێنی ڕەش." لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، (هەولێر: کتێبخانەی تەفسیر، ٢٠١٧).

٢- تێزی زانستی

- غانم کریم محمد، "سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکانی عێراق: تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٨ وەک نموونە." ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، (٢٠٢٠).

٣- دەستوور، یاساکان و بەڵگەنامە یاساییەکان

- دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥).

- دەستووری کەنەدای فیدراڵ (١٨٦٧).

- دەستووری کەنەدای فیدراڵ (١٩٨٢).

- دەستووری هەموارکراوی کەنەدا (٢٠١١).

٤- بڕیارە یاساییەکان

- "بڕیاری دادگەی فیدراڵیی باڵای عێراق، ژمارە (٨٩, ٩١, ٩٢, ٩٣ / فیدراڵی / ٢٠١٧)." (٢٠ـی تشرینی دووەمی ٢٠١٧). ماڵپەڕی دادگەی فیدراڵیی باڵا، لەم لینکەوە بەردەستە: https://www.iraqfsc.iq/s.

٥- سایت و وتاری ئەلیکترۆنی

- ئاریان تاوگۆزی، پارا و پرۆتۆ، کامیان؟ بۆ دیپلۆماسییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 3166&Jmara=1497http://xendan.org/drejaWtar.aspx?NusarID=

- ئومێد ڕەفیق. "هێزەکانی پێشمەرگە لە دوای شەڕی داعش." میللەت پرێس، hUnk5q3https://bit.ly/

- ئەبوبەکر عەلی. "سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و کێشەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی." ماڵپەڕی ئاوێنە، لەم لینکەوە بەردەستە: 1226&auther=2555https://www.awene.com/article?no=

- د. زوبێر ڕەسوڵ. "کێشە هەنووکەییەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان." ماڵپەڕی ڕووداو، (٢٠٢٠/٥/٢٠). لەم لینکە بەردەستە: brgmk8qzob2?fbclid=iwar20052020https://www.rudaw.net/sorani/opinion/

- سەعید کاکەیی، بارگەی دیپلۆماسیەتی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات، 272http://www.roshngari.com/Ssaraki.php?recordID=

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

١- الكتب

- أندريه لوكور، "المناحي السياسية للدبلوماسية الموازية: دروس من العالم المتقدم." ترجمة: محمد كاظم الصالحي، إيناس عبد السادة علي، مجلة سياسات عربية، المجلد ٢٠٢٠، العدد 43، (قطر: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، ٣١ مارس ٢٠٢٠.(

- ايناس احمد غزال. "الدول الاقليمية واقليم كردستان العراق بعد ٢٠٠٣." ط الاولى، (تكريت-صلاح الدين: دار الابداع، ٢٠٢١).

- بشتيوان صادق، نحو تأسيس دولة كوردستان، (أربيل: مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، ٢٠١٣).

- د. ياسين محمود جوماني, "الدبلوماسية الموازية بين النظرية والتطبيق دراسة حالة إقليم كوردستان." (اربيل: مكتب التفسير للطبع والنشر، ٢٠٢٢).

٢- المجلة والدوريات العلمية

- د. عمار حميد ياسين و د. عبير سهام مهدي. "دور السياسة الخارجية العراقية في تفعيل الأداء الدبلوماسي لمرحلة مابعد العام ٢٠٠٣." مجلة دراسات دولية، العدد ٨٣، (بغداد: جامعة بغداد، ٢٠٢٠).

- د. معروف عمر كول و د. جلال كريم رشيد الجاف، "اتفاقية التعاون بين الجمهورية الفرنسية وإقليم كردستان العراق." مجلة القانون السياسة، العدد (١٠)، (دهوك: جامعة دهوك، ٢٠١١).

- شيروان كامل سبتي الراوئلي. "تأثير علاقات كوردستان الدولية في رسم السياسة الخارجية للعراق." مجلة قضايا سياسية، العدد ٦١، المجلد ١٢، (بغداد: جامعة النهرين، كلية العلوم السياسية، حزيران ٢٠٢٠).

- صلاح جبير الحصيصي، "إبرام المعاهدات الدولية في الدول الفيدرالية." مجلة القانون والسياسة، العدد الخاص، (اربيل: جامعة صلاح الدين، ٢٠١٠).

- ميران حسين و هەزار عثمان، "دبلوماسية إقليم كوردستان في حل المشاكل المائية مع الدول الجوار." مجلة بوليتكنيك للعلوم الإنسانية والاجتماعية، (٢٠٢١).

- وحيد العام الكنانى، "جيوسياسية النفط والغاز فى اقليم كوردستان العراق والدوافع الاقليمية والدولية." مجلة العلوم الانسانية، العدد (٨٥)، (ديالى: جامعة ديالى، ٢٠٢٠).

٣- تقارير والمؤتمرات

- "قرار المحكمة الاتحادية العليا في العراق العدد (٥٩/ اتحادية ومدمجتها ١١٠ اتحادية)." (٢٠٢٢).

٤- الموقع والمقالات الإلكترونية

- "بارزاني يصف الاستفتاء بـ'الانتصار الكبير' ويدعو بغداد للحوار." متاح على موقع DW الالمانية، https://www.dw.com/ar

- تفاصيل اتفاق التعاون العسكري بين واشنطن وأربيل، https://www.alaraby.co.uk/politics/

- كردستان - استقلال في الوقت الحالي يعني الانهيار الاقتصادي، (DW عربية، ٢٠١٧\٩\١٣)، https://www.dw.com/ar

- كريستين مكغلورافي فان دن تورن، سياسة إقليم كردستان عند منعطف طريق، (مركز كارنيغي)، https://carnegieendowment.org/sada/76196

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1- Books

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

**- Cameron, D. R. "Canada." In Handbook of federal countries, 2002, Ann L. Griffiths (Eds.), (Québec, QC: McGill University Press, Forum of Federations, 2002).**

**- Criekemans, D. "The foreign policy and diplomatic representation of the Belgian regions: Flanders and Wallonia compared." In Foreign policy of constituent units at the beginning of 21st century, Ferran Requejo (Eds.), (Barcelona, Spain: Institut d'Estudis Autonòmics, 2010c).**

**- John Macmillan, "Liberal internationalism", in: Martin Griffiths, International Relations Theory For the Twenty-First Century: An Introduction, (New York: Routledge, 2007).**

**- Samuel Lucas McMillan, The involvement of state Governments in US Foreign Relations, (USA: Palgrave Macmillan, 2012).**

**- Skogstad, Grace. "International Trade Policy and the Evolution of Canadian Federalism." In Canadian Federalism, 3rd ed., edited by H. Bakvis and G. Skogstad, (Don Mills: Oxford University Press, 2012).**

**- Stéphane Paquin. "Federalism and Multi-Level Governance in Foreign Affairs: A Comparison of Canada and Belgium." In Foreign Policy of Constituent's Units at the Beginning of 21st Century, edited by Ferran Requejo, David Crickemans ... [et al.], (Barcelona: Generalitat de Catalunya, Institut d'Estudis Autonòmics IEA, 2010).**

**- VanDuzer, Anthony. "Could an Intergovernmental Agreement Make Canadian Treaty Commitments in Areas within Provincial Jurisdiction More Credible?" International Journal, Vol. 68, No. 4, (2013).**

**2- Periodicals and Articles**

**- André Lecours, "Canadian Federalism and Foreign Relations: Quebec and Alberta." In Foreign Policy of Constituent's Units at the Beginning of 21st Century, edited by Ferran Requejo, David Crickemans et al. Barcelona: Generalitat de Catalunya, Institut d'Estudis Autonòmics IEA, 2010.**

**- Chaloux, Annie, and Stéphane Paquin. "Canada's multiple voices diplomacy in climate change negotiations: a focus on Québec." International Negotiation, Vol. 20, No. 2, (2015).**

**- Cornut, J. "The Special Relationship Transformed. The Canada-Quebec-France Triangle after de Gaulle." American Review of Canadian Studies, Vol. 46, No. 2, (2016).**

**- Courchene, Tom J. "NAFTA, the Information Revolution, and Canada-U.S. Relations: An Ontario Perspective." The American Review of Canadian Studies, Vol. 30, No. 2, (2000).**

**- Crickemans, David. "Regional Sub-State Diplomacy from a Comparative Perspective: Quebec, Scotland, Bavaria, Catalonia, Wallonia and Flanders." The Hague Journal of Diplomacy, Vol. 5, No. 1-2, (2010).**

**- Gendron, R. S. "Education and the Origins of Quebec's International Engagement." American Review of Canadian Studies, Vol. 46, No. 2, (2016).**

- Hocking, Brian. "Localizing Foreign Policy: Non-central Governments and Multilayered Diplomacy." (New York: St-Martin's Press, 1993).

- Martin, Pierre. "When Nationalism Meets Continentalism: The Politics of Free Trade in Quebec." Regional and Federal Studies, Vol. 5, No. 1, (1995).

- Rakhahari Chatterji and Swagata Saha, "Para-diplomacy: Concept and the Context", (India Quarterly, A Journal of International Affairs, vol. 73, Issue. 4, New Delhi: Indian Council of World Affairs, December 2017).

3- Reports and Conferences

- Khalil, L. "Stability in Iraqi Kurdistan: Reality or Mirage?" (The SABAN CENTER for MIDDLE EAST POLICY, 2009).

- Lachapelle, Guy. "Identity, Integration and the Rise of Identity Economy: The Quebec Case in Comparison with Scotland, Wales and Catalonia." In Globalization, Governance and Identity: The Emergence of New Partnerships, edited by Guy Lachapelle and John Trent, (Montréal: Presses de l'Université de Montréal, 2000).

- Lequesne, Christian, and Stéphane Paquin. "Federalism, Paradiplomacy and Foreign Policy: A Case of Mutual Neglect." International Negotiation, Vol. 22, No. 2, (2017).

- Mera Jasm Bakr. "The War at Home: The Need for Internal Security Sector Reform in Iraqi Kurdistan." (Washington: The Middle East Institute, July 2020).

- Michelmann, H. J. "Québec's constituent diplomacy in comparative perspective." Paper delivered at the 2011 International Studies Association Convention, (Montreal, QC: March 16, 2011).

4- Websites and Electronic Articles

- Barnett, Laura. "Canada's Approach to the Treaty-Making Process." Parliamentary Information and Research Service, Library of Parliament, (Ottawa: Parliament of Canada, 2008). Retrieved from http://www.parl.gc.ca/Content/LOP/ResearchPublications/prb0845

- Government of Canada – Privy Council Office. "Intergovernmental relations in the Canadian context." (2011). Retrieved from http://www.pco-bcp.gc.ca/aia/index.asp?lang=eng&page=relations&doc=context/context-eng.htm.

- Michael Knights. "Divided Forces in Iraq." The Washington Institute improving the quality of U.S Middle East policy, (October 9, 2014). Available at: http://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/divided-forces-in-iraq

- Tom McTague. "Britain to start supplying arms to Kurdish forces in battle against ISIS, David Cameron reveals." Daily Mail, Available at: http://www.dailymail.co.uk/news/article-2748204/Britain-started-supplying-arms-Kurdish-forces-battle-against-ISIS-Iraq-David-Cameron-reveals.html

- World Review. "Kurdish independence: what it could mean for the Middle East." (2013). Available at: http://www.worldreview.info/content/kurdish-independence-what-it-could-mean-middle-eas

# مقارنة العلاقات الخارجية بين إقليم كوردستان وكيبيك

| |
|---|
| أ. م. د. برزان جوهر صادق |
| قسم الأنظمة السياسية والسياسة العامة - كلية العلوم السياسية - جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كردستان – العراق |
| barzan.sadq@su.edu.krd |
| هاوبير فلاح احمد |
| قسم الأنظمة السياسية والسياسة العامة - كلية العلوم السياسية - جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كردستان – العراق |
| hawbirfelah@gmail.com |

**الملخص**

تقدم العلاقات الخارجية للوحدات الفيدرالية مثل إقليم كوردستان وكيبيك نافذة خاصة لفهم الطبيعة المتغيرة للدبلوماسية الدولية والحوكمة متعددة المستويات. رغم عمل الإقليمين ضمن أنظمة فيدرالية أكبر، العراق وكندا على التوالي، إلا أنهما طورا استراتيجيات مختلفة للمشاركة الخارجية تتناسب مع سياقاتهما التاريخية والسياسية والدستورية. تسلط هذه الدراسة المقارنة الضوء على الآليات القانونية والسياسية التي تتيح لهذه المناطق المشاركة خارج حدودها الوطنية. استطاع إقليم كوردستان، رغم سلطاته الدستورية المتنازع عليها وعدم الاستقرار الجيوسياسي، إنشاء مكاتب تمثيلية في الخارج وتطوير علاقاته بنشاط مع الحكومات الأجنبية والمنظمات الدولية ومجتمعات الشتات. في المقابل، أنشأت كيبيك، التي تعمل ضمن إطار أكثر استقراراً ومقنناً قانونياً، شبكة منظمة من المكاتب الدولية وأضفت الطابع المؤسسي على علاقاتها الخارجية من خلال وزارة العلاقات الدولية والفرانكوفونية. من خلال مقارنة هذين الإقليمين، تحدد هذه الدراسة المحركات الرئيسية والقيود ونتائج مشاركتهما الدولية. كما تساهم في فهم أوسع للدبلوماسية الموازية وتستكشف كيفية تأكيد الوحدات دون الوطنية لهويتها، وسعيها وراء المصالح الاقتصادية، وشق طريقها في السياسة العالمية ضمن قيود أطرها الوطنية.

الكلمات المفتاحية: العلاقات الخارجية، إقليم كردستان، كيبيك، الدبلوماسية الموازية والاستقلال.

# The Foreign Relations Comparative Between The Kurdistan Region and Quebec

| | |
|---|---|
| **Assist. Prof. Dr. Barzan Jawhar Sadeq** |
| **Department of Political Systems and Public Policy - College of Political Sciences - University of Salahaddin - Erbil, Kurdistan Region – Iraq** |
| **barzan.sadq@su.edu.krd** |
| **Hawbir Falah Ahmad** |
| **Department of Political Systems and Public Policy - College of Political Sciences - University of Salahaddin - Erbil, Kurdistan Region – Iraq** |
| **hawbirfelah@gmail.com** |

**Abstract**

**The external relations of Kurdistan Region and Quebec provide insights into evolving international diplomacy and multi-level governance. Operating within Iraq and Canada respectively, they've developed distinct external engagement strategies reflecting their unique historical, political and constitutional contexts. This comparative study analyzes how these regions engage beyond national boundaries. Kurdistan Region has established representative offices abroad and actively pursues relationships with foreign governments and international organizations despite contested constitutional powers and regional instability. Quebec, functioning within a more stable framework, has created an organized network of international offices and institutionalized its external relations through dedicated ministries. By comparing these regions, this research identifies key drivers, limitations and outcomes of their international engagement, contributing to understanding how sub-national entities assert identity, pursue economic .interests, and navigate global politics within national constraints**

**Keywords: Foreign relations, Kurdistan Region, Quebec, Paradiplomacy and independence.**